# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی پێنجەم ژمارە(113) بەرواری 15–1–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، لە ڕاپۆرتێکدا ئاماری قوربانیان و کارەساتی دڵتەزێنی پەنابەران لەساڵی ٢٠٢١دا، دەخاتەڕوو...ل4




## دەسەڵاتی خاشاك، بەخاشاك هاوڵاتیان هەراسانتر دەكات!


کۆمپانیای بیڤان
biVan For general construction LTD

دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد بە وێنەی دەسەڵاتێکی خاشاک کە دەبێ فڕێ بدرێتە سەرنوێلکی گەورەی مێژوو، لە داهێنانیکی نوێدا، بە پارەسەندن لە هاوڵاتیان بۆ فڕێدانی خاشاک، بە باج خستنە سەر دوکاندار و کاسبکاران، بە وەرگرتنی پارە بۆ دانانی تابلۆ، هێندەی تر هاوڵاتیانی توشی سەختی ژیان و گوزەران کردۆتەوە. دەسەڵاتێکە بەسەدان دەستی دز، خەریکی هەڵتەکاندنی گیرفانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستانە، سەدان جۆر باج وەردەگرێت، بێ ئەوەی خزمەتگوازرییەک پێشکەش بکات. دەسەڵات خزمەتگوزارییەکان دەڕوخێنی، و لەبەین دەبات و باج دادەسەپێنێت. ڕیگاو بانەکان مەیدانی مەرگن و پارەی ڕێگاو بان وەردەگرێت، ئاو و کارەبا لە ئاستی نەبوونیدایەو لیستی پارەی ئاو و کارەبا و گرانییەکەی لە ئاو کارەبای ٢٤ سەعاتەی وڵاتانی ئەورووپا، زیاترە. خزمەتگوزاری

بۆ لاپەڕە 3

## کەمپینێك بۆ "گەڕانەوەی شکۆ بۆ سلێمانی" ڕادەگەیەندرێت



لەم ڕۆژانەی دوایید فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کەمپینێکیان بەناوی "گەڕانەوەی شکۆ بۆ سلێمانی" ڕاگەیاند و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بارودۆخی ئەمنیو ئابوری پارێزگای سلێمانی لەم ماوانەی دوایدا وایکردووە ناوچەکانی سلێمانیو دەوروبەری سیمای شارستانیەتو ڕۆشنبیری لەدەستبدەن. لەئەنجامیشدا بارودۆخێکی وا هاتە ئاراوە هەموو تاکێک ترسو دڵەڕاوکێیەکی وەهای بۆ دروستببێت کە دڵنیا نەبێت لەپاراستنی سەرو گیانو ماڵی."**دەقی بەیاننامەی کەمپینی "گەڕانەوەی شکۆ بۆ سلێمانی":**

بۆ لاپەڕە 3

## وتەی ژمارە

# ناسیونالیزمی کورد و "یەکڕیزی"

ن/ سەرنووسەر



لەیەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراقدا، پارتی بەپێی ڕێکەوتنێکی پێش وەختە پشتیوانی لە "ڕەوتی سەدر و سونەکان" کرد و دەنگی بە کاندیدەکانی ئەواندا. یەکێتی نیشتیمانی لە ژێر ناوی نەبوونە بەشێک لە ململانیی ناو خانەوادەی شیعەی سیاسی، لەگەڵ گروپەکانی حەشدی شەعبی و سەر بەئێران هۆڵی کۆبونەوەی پەرلەمانیان بەجێ هێشت و دەنگیان بەکاندیدەکانی ڕەوتی سەدر و سونەکان و کاندیدەکەی پارتی نەدا، دوای ئەوە دوبارە مەسەلەی سواوی یەکرێزی کورد، هێنرایەوە ئارا.

بەشی زۆری ئەوانەی مەسەلەی یەکریزی ناو ماڵی کوردیان بەدەستەوە گرتووەو نیگەرانن لەوەی پارتی و یەکێتی بەیەکەوە و لە ژێر یەک چەتر و بەیەک پڕۆژە مامەڵە لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی عێراق ناکەن، ئەو خێڵە لە نووسەر و توێژەری سیاسیین، کەبەنرخی ڕۆژ نان دەخۆن و فرمێسکی تیمساحی بۆ کێشەی کورد هەڵدەوەرێنن، بێ ئەوەی هەڵگری هیچ ڕێگاچارە و بۆچوونێکی شیاو بن بۆ ئەم پرسە. بەشکیشیان کادر و بەرپرسانی راسپێردراوی حزبین کە دەیانەوێت لەهەر بڕگە و وێستگەیەکدا کە پارتی ویەکێتی هەڵوێستی جیا دەگرنە بەر، بەرگری لە سیاسەت و هەڵوێستی حزبەکانیان بکەن و خوڵ بکەنە چاوی جەماوەری بێبەشی کوردستانەوە.

هەموو ئەو خێڵە لە نووسەر و توێژەر و لێکۆڵەرو کادرە حزبیەکان، ئەو ڕاستیە

بۆ لاپەڕە 2

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* ململانێی شەقاوەکانی دەسەڵات بۆ قازانجی خۆیانە نەك خەڵك...ل6
* توندوتیژی زارەکی دژ بە ئافرەتان ........................................ل7
* هێرش بۆ سەر لەشفرۆشان و باندەکانیان..................................ل8


## دۆسیەی ژمارە" پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق"



## هەریەك لە بەڕێزان عوسمان محەمەد و ئەکرەم عەبدولا بەشداری دۆسیەکەیان کردووە...ل9-10



پرسی ڕۆژ ل5

پرسی ژن



ل7

## درێژەی وتەی ژمارە

دەزانن کە پارتی و یەکێتی دوو هیزی سیاسی خاوەن دەسەڵاتن کە هەر یەکیکیان نۆکەر پیشە و وابەستەی یەکێک لە وڵات و بلۆکەکانی ناوچەکەیە، کە لەگەڵ یەکتری لە ململانێدان، کەچی دەخوازن یەکڕیز بن!!. دەزانن ئەو دوو حزبە لەڕیگای میلیشایی چەکدار و سەرکوت و دەست بەسەراگرتنی داهاتی خەڵکی کوردستانەوە خۆیان داسەپاندووە، کەچی دەیانەوێت پارتی و یەکێتی دەستیان لەناو دەستی یەکتریدا بێت. یەکێتی و پارتی لە جەنگێکی هەمیشەیدان لەگەڵ یەکتری لە پێناو قەڵەمرەوی دەسەڵاتی زیاتردا کەچی دەڵێن یەک ریز بن. یەکێتی و پارتی دوو هێزن کە سەربەخۆیی سیاسی و بریاری سیاسی و زۆرجار بریاری ریکخراوەیشیان، سەربەخۆ نییە و هەمیشە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی وابەستەیانن ئاراستە دەکرێن.

یەکیتی و پارتی ئەگەر لە حاڵەتیکی تایبەت و لەهەندێ کاتدا ڕیک بکەون لەگەڵ یەکتری، دوور و نزیک پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییە، بەڵکو لە ریگای هەژمونی دەرەکی و بۆ بەرژەوەندی حزبی و بنەماڵەییان، دەست دەبەن بۆ ئەو ڕیکەوتننامانە، کە دیارە هیچ ریکەوتننامەیەکیشیان نییە کە هەردوولا بەتەواوەتی پیوەی پابەند بووبن، بەڵکو هەمیشە پەراوێز و کەناڵەکانی دژایەتی یەکتریان هێشتۆتەوە و بوونی ئەو دژایەتیەی یەکترشیان وەکو کارتێک بۆ مانەوەی خۆیان و ڕاگرتنی جەماوەرەکەیان بەدەستەوە گرتووە.

گەورەترین لیکدانەوەی هەڵە ئەو بۆچوونەیە کەدەڵێت، ناتەبایی پارتی و یەکێتی لە بەغدا و دنیای دەرەوە کاریگەری لەسەر ناتەبایی و لیکترازان لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت، لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دروستە. ئەوە ناتەبایی و ململانێی دەسەڵاتی نێوان پارتی و یەکێتی لەهەرێمە کە لە دنیای دەرەوەو بەرامبەر هیزە سیاسیەکانی عێراقدا، بە پەرتەوازەیی زۆرتر خۆی نمایش دەکات. هۆکاری ناتەبایی لە بەغدا، رەنگدانەوەو دەرهاویشتەی ململانێی و بەردەوام نەپساوەی ناتەندروست و نائاسایی دەسەڵاتە لە هەرێم.

لەو کاتانەش کە پارتی و یەکیتی بەیەکەوە لەگەڵ بەغدا و هێزە سیاسیەکانیدا چوونەتە دانوستاندن و سازانەوە، مەبناکەی هیچ خواست و داواکارییەکی خەڵکی کوردستان نەبووە و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان هیچ جێگایەکی نەبووە، بەڵکو بەناوی خەڵکی کوردستان و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانەوە، گیرفانی حزب و بنەماڵەیان پڕ کردووە، پۆستیان وەرگرتووە، بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان بوونەتە بەڵاو مایەی دەردەسەری و ئەو کاتانەش لەگەڵ بەغدا و دنیای دەرەوە توشی بنبەست بوون، دوبارە خەڵکی کوردستانیان وەکو زەخیرەی دەربازبوون لە ئەزمەکانیان بەدەستەوە گرتووە. لە بیست ساڵی رابردوودا پارتی و یەکێتی بەتەباییان یان بەنایەکریزی" چ دەستکەوتکیان بۆ خەڵکی کوردستان بووە؟ نەک دەستکەوتیان نەبووە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵکو خودی پرسی سیاسی خەڵکی کوردستانیان پاشەکشە پێکردووە، خواستی خەڵکی کوردستان و کیشەی سیاسی خەڵکی کوردستانیان گۆڕیوەتەوە بە بودجە و پۆست و بۆ حزب و بنەماڵەکانیان.

پارتی و یەکێتی تەبا بن و یان لیکترازاو، هیچ لەو راستییە ناگۆڕیت کە ئەوان دوو هیزی بۆرژوازی کوردن و کە بەخۆ هەڵواسین بە ستەمی دەیان ساڵەی سەر خەڵکی کوردستان، دۆزخەیان بۆخەڵکی کوردستان بەتایبەتیش بۆ چینی کریکار و جەماوەری نەدار خوڵقاندووە. دیارە وەفدی هاوبەش، یان ڕیکەوتنی کاتی، بەدەستەوەگرتنی یەک پڕۆژە لەهەندێک بڕگەدا، بەمانای "یەکڕیزی" نایەت.

ئەوەی تائێستا پێگەی ناسیونالیزمی کوردی هێشتۆتەوە لە عێراقی دوای سەدام حسێندا، هیچ پەیوەندی بە یەکڕیزی یان ناتەبایی پارتی و یەکێتیەوە نییە، بەڵکو بەرهەمی بینانەبوونەوەی عێراق و لاوازی حکومەتی ناوەندییە بەبەراورد بە هێزی میلیشیایی حزب و رەوتە بۆرژوازییەکانی عێراق. بە واتایەکی تر پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر لاوازی و حکومەت لە ناوەند و ململانێی نێوان هێزە بۆرژوازییەکان لە عێراقدا، توانیویانە بەشییان لە عێراقدا بمێنێتەوە، کە دیارە تا هاتووشە ئەو بەش و بەشداریەیان کلک و گوێ کراوەو لە ئێستادا تەماحی پارتی و یەکێتی بەشێوەی سەرەکی بودجە و پۆستە، پۆستەکانیش پۆستی تەشریفاتی و بێ دەسەڵات، بەڵام بەئیمتیاز و موچەی چەورەوە کە حزبیش خێری لێ ببینێت.

پارتی و یەکێتی و سەرجەم هیزەکانی بۆرژوازی کورد ئەگەر بەتەواوەتیش یەکریز بن و خاوەن یەک پرۆژەی گشتی و دوورمەوداو ستراتیجی بن، بە پێیەی نوێنەرایەتی هیچ خواست و ویستیکی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر بەبەغدا و بزوتنەوەی ناسیونالیستی و ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا ناکەن. ناتوانن بەر بەرەوتی داروخان و داکشانیان بگرن. لە ئێستادا ناسیونالیزمی کورد تەنها رۆڵی چاولەدەستی لە بەغدا بۆ بودجەیەکی نارۆشن و چەند پۆستێک دەگێرێت و لە کوردستانیش رووبەڕووە لەگەڵ نارەزایەتیەکی فراوانی جەماوەری و خواست بۆ راماڵینیان، شەپۆل دەدات.

پارتی و یەکێتی دوو دەسەڵاتی خاشاکن. دوو دەسەڵات کە دەتوانرێت بڵێین خڵتەی سەرجەم دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دژە ئازادی، کۆنەپەرست و خێڵەکی، نۆکەر پیشەو کرێگرتە، و دیکتاتۆر و دواکەوتوەکانی میژووی هاوچەرخن. رێگاکانی "یەکریزی" نێوان ئەو دوو هیزە، بن بەستن. پارتی و یەکیتی بەهۆی بێ ئاسۆیی سیاسیان بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان ناتوانن، پرۆژەیەکی هاوبەشی دوورمەودا، ستراتیژیەکی هاوبەش بۆ ئاییندەی سیاسی کوردستان، وەڵامی گونجاو لەبەرامبەر پێشهات و ڕوداوە گرنگەکاندا، بەدەستەوە بگرن.

یەکڕیزی نیوان پارتی و یەکێتی بە شێوەی نەنووسراو گشتی بەڵام بە کردەوە، وەستانەوەیانە بەرووی خەڵکی کوردستان و ماف و ئازادییەکانیاندا، تاڵانی و دزی و ئاشکرایە، بەرامبەرکێیە بۆ کپکردنەوەی دەنگی ئازاد و ئازادیخوازی. بەرگریکردنە لە کۆنەپەرستی. پێشبرکییە لەسەر نۆکەر پیشەیی بۆ وڵاتانی ناوچەکە. ساتو سەودایە لەگەڵ رەوت و حزب و لایەنە سیاسییە کۆنەپەرستە قەومی و دینی و تایفیەکانی عێراق، لە پێناو پارەو پۆستی ناچیز.

**ناوەراستی جەنیوەری ساڵی ٢٠٢٢**

پارتی و یەکێتی دوو دەسەڵاتی خاشاکن. دوو دەسەڵات کە دەتوانرێت بڵێین خڵتەی سەرجەم دەسەڵاتە سەرکوتگەر و دژە ئازادی، کۆنەپەرست و خێڵەکی، نۆکەر پیشەو کرێگرتە، و دیکتاتۆر و دواکەوتوەکانی مێژووی هاوچەرخن. ڕێگاکانی "یەکریزی" نێوان ئەو دوو هێزە، بن بەستن. پارتی و یەکیتی بەهۆی بێ ئاسۆیی سیاسیان بۆ ئایندەی سیاسی کوردستان ناتوانن، پرۆژەیەکی هاوبەشی دوورمەودا، ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ ئاییندەی سیاسی کوردستان، وەڵامی گونجاو لەبەرامبەر پێشهات و ڕوداوە گرنگەکاندا، بەدەستەوە بگرن...

# دەقی بەیاننامەی کەمپینی "گەڕانەوەی شکۆ بۆ سلێمانی" :

**بەیاننامەی فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ڕای گشتی دەربارەی بارودۆخی ئەم دواییانەی شاری سلێمانی و دەوروبەری، بۆ سەرجەم دام و دەزگا حوکومی و حیزبییەکانی ئەم ناوچەیە.**

یەکێک لە پێکهاتە و سیما گرنگەکانی شار بە مانا مۆدێرنەکەی بریتیە لە سەروەربوونی یاسا و ئازادی گشتی و دادپەروەری بۆ هەمووان هاوشان لەگەڵ سەقامگیری ئابووری و ئەمنی، کە ئەمانە کۆڵەکەی گرنگی شارن لە تەک کۆڵەکەکانی دیکەی پێکهێنانی شاردا بە مانا سیاسیەکەی.

بەداخەوە بەدەر لەدۆخی چەقبەستوی هەرێمی کوردستان بەدەر لەو هەموو کێشە و گیروگرفتانەی یەخەی هەرێمی کوردستانی گرتوە لەسەر و هەموویانەوە شکاندنی شکۆی مرۆڤ و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ کە لە ڕاپۆرتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆیەکان ئاماژەی پێدەکرێت و لەکۆتا ڕاپۆرتی تایبەتی یۆنامی تیشک خراوەتە سەر سەرجەم پێشێلکاریەکان بە مافی مرۆڤ لەم هەرێمەدا بە گشتی، هاوکات لەپاڵ هەموو ئەوانەدا بارودۆخی ئەمنی و ئابوری پارێزگای سلێمانی لەم ماوانەی دوایدا وای کرد ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری سیمای شارستانیەت و ڕۆشنبیری لەدەست بدەن کە ئەم ناوچەیەی پێ دەناسرایەوە وە لە ئەنجامیشدا بار و دۆخێکی وا هاتە ئاراوە هەموو تاکێک ترس و دڵە ڕاوکێیەکی وەهای بۆ دروست ببێت کە دڵنیا نەبێت لە پاراستنی سەر و گیان وماڵی.

ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەر بۆ بیرخستنەوە تیشک بخەینە سەر هەندێک لەو نمونانەی ڕویانداوە و کەوتونەتە بەرچاوی کامێرا و کەوتونەتە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەدەر لە چەندین حاڵەتی دیکە کە لەوانەیە لە نهێنی و پەنهاندا ڕویاندا بێت و کەس پەی پێ نەبردبێ بە نمونە-:

–1 هەڵکوتانە سەر کاسبکار لە شوێنی کارکردنەکەیدا و بە بەرچاوی خەڵکەوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ لێدان و سوکایەتی پێکردن لەلایەن هێزی چەکدارەوە بە جل و بەرگی فەرمیەوە.

2- بەکارهێنانی هێزی چەکداری فەرمی لەلایەن هەندێک بەرپرس و منداڵەکانیانەوە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشە کەسی و تایبەتیەکانیان هەتاوەکو کاربگاتە ئەوەی منداڵی بەرپرس بتوانێت ئارامی شەوەزەنگی شار تێک بدات و بە چەکی قورس ڕووبەڕووی هێزی فەرمی حوکمەت ببێتەوە و چەکی قورس بەکاربهێنێت کە ئەو هێزانە ئەرکیان جێ بە جێ کردنی یاسا و پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی هاوڵاتیانە.

3- منداڵی بەرپرسێکی حیزبی چاونەترسانە پەلاماری چەک بدات و ببێتە هۆی گیان کێشانی ڕوحی گەنجێکی خێر لەخۆنەدیو کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی بووەتە پاسەوان.

4- بەکارهێنانی هێزی فەرمی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نێوان دوو کۆمپانیا کە خاوەنەکانیان منداڵی بەرپرسی حیزبی یاخود حوکمین.

5- کوشتنی ئەفسەری سەر بەوەزارەتی ناوخۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری دوو هێزی سەربەیەک حیزب.

6- شەهیدکردنی کارمەند و ئەفسەری وەزارەتی ناوخۆ کە بۆ پاراستنی ژنان و ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی توند و تیژی دژی ژنان گیانی خۆی بەخت کرد و بەداخەوە بکوژانیش هەڵهاتون و ئیستاش تا دەستگیر نەکراون.

7- ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەران و ڕەشبگیری و تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی خوێندکاران و بریندارکردنی خوێندکاران و کەسانی سیڤل و گرتن و شەق تێ هەڵدانیان لەلایەن هێزی چەکداری فەرمیەوە.

8- هەڵکوتانە سەر خوێندگەیەک لەلایەن کۆمەڵێک چەکداری ناسراوەوە کە بە جل و بەرگی فەرمیەوە زۆر بێ شەرمانە پەلاماری باوکی خوێندکارێک دەدرێت بە بەرچاوی خوێندکارەکەوە و لێی دەدرێت لە ئەنجامی شەڕێکی ئاسایی نێوان دوو خوێندکاری مێردمناڵ.

9- بەداخەوە ئەگەر ئەم دیاردانەی سەرەوە چارەسەر نەکرێت و بن بڕ نەکرێت دەبێت چاوەڕێی نمونەی دەیەم و یانزەیەم و دوانزەیەم و ...هتد بین.

بەداخێکی زۆرەوە ئەوەی جێگەی نیگەرانی قوڵی ئێمەیە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بریتیە لەو بێدەنگیەی کە سەرجەم دام و دەزگا فەرمیەکان و لێپرسراوی یەکە کارگێڕیەکانی ئەم ناوچەیە هەڵیانبژاردوە کە تائێستا کەس نازانێت ڕۆڵ و هەڵوێستی حوکمەتی خۆجێی ئەم ناوچەیە چی بووە بۆ ڕێگری کردن و دووبارەنەبوونەوەی بارودۆخەکان و بە سزاگەیاندنی تاوانباران.

بەداخەوە ڕۆڵ و هەڵوێستی داواکاری گشتی و دەسەڵاتی دادوەری ئەم ناوچەیە لە ئاستی پێویستدا نەبووە و ڕۆڵێکی کارایان نەگێڕاوە بۆ ڕێگری کردن و دووبارە نەبوونەوەی بار و دۆخەکان، ناکرێت بە ناوی پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییەوە دادگاکان بێ دەنگی هەڵبژێرن لەم هەموو پێشلکارییە یاساییانەی کە دەکرێت وە هیچ قسە و لێدوانێکیان نەبێت لەسەر ئەوەی ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان و سۆشیاڵ میدیاوە چەندین هەواڵی سەیر و سەمەرە دەبیسترێت لەسەر دەستگیرکردن و ئازادکردن لەدەرەوەی دەسەڵاتی دادوەری و بە فەرمانی فڵان بەرپرسی حیزبی و فیسار بەرپرس، هەروەها ناشکرێت دەسەڵاتەکانی داواکاری گشتی تەنها لە جولاندنی سکاڵا و ڕۆتیناتی کارگێڕی کورت بکرێتەوە و لێپرسراویەتی مێژووی لە ئەستۆی خۆیان دووربخەنەوە.

جێگەی نیگەرانی قوڵی ئێمەیە هەروەک چۆن خۆمان بەکەمتەرخەم و بێ دەنگ دەزانین لەئاست ئەو هەموو ڕوداوانەدا بەداخەوە بێ دەنگی سەرجەم توێژەکان برینەکانی قوڵتر کردۆتەوە وە هیچ توێژێک نابینرێت کە پرۆتستۆی بارودۆخەکە بکەن و هەرهەموویان بێ دەنگیان هەڵبژاردوە هەر لە (توێژی دادوەران و داواکاری گشتی و مامۆستایان و زانایانی ئاینی و مامۆستایانی زانکۆ و پارێزەران و پزیشکان و کاسبکارانەوە بیگرە بۆ سەرجەم توێژەکانی دیکە)، بەداخەوە ئەم بێ دەنگیە گشتیەش ئەوەندەی لە بێ هیوابوون و بێ ئومێدی گشتیەوە سەرچاوەی گرتوە ئەوەندە ڕازی بوون نیە بە بارو دۆخەکە.

وە جێگەی داخ و نیگەرانیەکی زۆر زۆرە کە سەرجەم حیزبەکان و بە تایبەت ئەو حیزبانەی پێگەی جەماوەرییان لەم ناوچەیەدایە هیچ هەڵوێستی جدیان لێ بە دی نەکراوە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و ئاستی باڵای حیزبەکانیان کە پێویست بوو هەڵوێستی جدیان هەبووایە هەتا ڕادەی هەڵپەساردنی سەرجەم پەیوەندیەکانیان لەگەڵ لایەنی بەرپرس لەم بارودۆخە، هەروەک ئاشکرایە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان حیزبێکی خاوەن هێزی چەکدارە لەم ناوچەیە بۆیە ڕووی دەممان دەکەینە کەسانی بڕیاردەر و سەرکردایەتی ئەو حیزبە سەرجەم لێپرسراویەتی مرۆیی و ئەخلاقی و مێژووی دەکەوێتە سەر شانیان بۆ ڕاگرتنی ئەو بارو دۆخە و ڕێگەنەدان بەدووبارە بوونەوەی ئەو جۆرە دیاردانە و و بە سزا گەیاندنی تۆمەتباران لە ڕێگەی یاساوە.

جگە لە لێدوان و هەڵوێستی زارەکی بەپرسانی باڵای ئەو حیزبە، لەسەر ئاستی واقیع هیچ هەڵوێستێکی جدی نەبینراوە ئەگەر وانیە و بە پێچەوانەوەیە فەرموون دەست نیشانی بکەن چەند کەس بە دادگایی گەیەندراون لەو ڕووداوانەی باسکرا و وەک نمونە خرایە ڕوو، فەرموو پێمان بڵێن چەند بەرپرسی باڵای حیزبی لەسەر بەکارهێنانی هێزی چەکدار ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی حیزبی و حوکمی بووەتەوە و ئەنجامەکەی ئاشکرا بکەن بۆ ڕای گشتی پێمان بڵێن دۆسیەی دادگایی کردنیان بە کوێ گەیشتوە ؟

سەرەڕای ئەو نەهامەتیانەی باسکران ڕوداوی کۆچی ناچاری هاوڵاتیانی بەش مەینەت و عەودڵ بە دوای پاراستنی کەرامەت و شکۆی مرۆڤایەتیدا لەم هەرێمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە کە کارەساتی مرۆیی و گیانلەدەست دانی بە کۆمەڵی لێکەوتۆتەوە و زۆربەی قوربانیەکانیش دانیشتوی سلێمانی و دەورو بەری بوون بە هەما شێوەی ڕووداوەکانی دیکە هیچ هەڵوێستێکی جدی نەبینرا بۆ بە دواداچوون و توێژینەوە لەو بار و دۆخە نەخوازراوە نە لەسەر ئاستی حیزبی نە لەسەر ئاستی حوکومی.

ئێمە لێرەدا کلیلی چارەسەریەکان دەخەینە بەردەستی سەرجەم لایەن و کەسانی بەرپرسیی حوکمی و حیزبی لەم ناوچەیە، ئەگەر بەتەنگ ئەم ناوچەیە و ئەم ئازادی و ئەم ئەزموونەوە هەن فەرموو هەڵوێستی جدی و هەنگاوی کرداری بگرنە بەر بۆ بەسزاگەیاندنی هەرکەسێک لە هەر پلە و پۆستێکی حوکمی یاخود حیزبیدا بێت بە بێ جیاوازی لە هەر لایەک بێت کە هەستاوە بە پێشێلکاری یاسا یاخود هەڵدەستێت بە پێشێلکاری یاسا و شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ لەکەدار دەکات ئەگەر ئەم کارە ناکان ڕوونی بکەنەوە بۆ ڕای گشتی کە چ شتێک هۆکار و ڕێگرە لە ئەنجامدان و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی، جەخت لەوە دەکەینەوە کە نەگرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و دەستگیر نەکردنی تۆمەتباران و ڕادەست نەکردنیان بە دادگاکان هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی متمانەی هاوڵاتیان بە هێزە ئەمنیەکان و دادگاکان و لە ئەنجامدا ئەمە سەردەکێشێت بۆ زیادبوونی تاوان و کردەوەی تاوانکاری.

ئێمە لە فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە کار و چالاکی زۆربەی زۆری ڕێکخراوەکانی ناو فیدراسیۆن لەم ناوچەیەدایە بە تەنگ ئەو تروسکە و پەراوێزە ئازادیەوەین کە ئەم ناوچەیەی پێ دەناسرایەوە بۆیە پاڵپشتی لە هەر هەوڵێک دەکەین کە بە ئاڕاستەی فراوانکردنی ئەو تروسکاییەوە بێت.

ئەگەر کارێکی لەو جۆرە نەکەن لەسەر ئاستە جیاوازەکانی حوکمی و حیزبی ئەوا سبەی ڕۆژ لەبەردەم خودا و خەلک و مێژودا لێپرسراویەتی یاسایی ئەخلاقی دەکەوێتە سەر شانتان لە هەر چارەنوسێکی نادیار کە چاوەڕێی ئەم میللەتە و ئەم دەڤەرە و ئەم هەرێمە دەکات.

ئێمە وەک فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکان داوا لەسەرجەم هاوڵاتیانی خەمخۆر لەسەرجەم توێژەکان دەکەین پاڵپشتی ئەم هەڵمەتەمان بکەن کە بەناوی (هەڵمەتی گەڕانەوەی شکۆ بۆ سلێمانی) بۆ شەرمەزارکردن و پرۆتستۆکردنی هەرکردەوەیەکی نامەدەنیانە کە لەگەڵ سیمای شارستانیەت و پێکهێنەرەکانی شار بە مانای شارێکی مۆدێرن یەکناگرێتەوە، وە ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر فشارەکانمان لە چوارچێوەی ئەم هەڵمەتەدا.

## درێژەی...دەسەڵاتی خاشاك، بەخاشاك هاوڵاتیان هەراسانتر دەكات!

خەستەخانەکان لە بەین دەبات و خەڵک ناچار دەکات رووبکەنە خەستەخانەی ئەهلی، کە لەتوانای جەماوەری بێبەشدا نییە. خەڵک لەسەر دەریای نەوتە و کەچی کڕینی بەرمیلێک نەوت مۆتەکەیەکە لەسەر شانی خەڵک، نرخی غاز و بەنزین رۆژ بەڕۆژ هەڵدەکشێت، هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا دابەش نەکردنی موچە لەکاتی خۆیدا، لێ بڕینی موچە، هێرشێکی بەردەوامە بۆسەر موچەخۆران و هاولاتیان... جیا لەوانەش زوربەی هەرەزۆری شمەک و پێداویستی رۆژانەی خەڵک نرخی لە بازار بەرزدەبێتەوە. ئەمانە لەپاڵ بیکاری و نەبوونی هەلی کاردا، جەماوەری بێبەشی کوردستان هەراسان کردووە. ئەم هێرشە بەردەوامانە بۆسەر چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، پێویستی بە وەڵامێکی بەکردەوەی ددان شکێن هەیە، کە دەبێت دەسەڵات تەکان بدات و دەستی کورت بکاتەوە.

# فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، لەراپۆرتێکدا ئاماری قوربانیان و کارەساتی دڵتەزێنی پەنابەران لەساڵی ٢٠٢١دا دەخاتە ڕوو...




بەپێی راپۆرتەکە کە فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بۆ ساڵی ٢٠٢١ بڵاوی کردۆتەوە، ئاماری گیان لەدەستدانی پەنابەران و دەستگیرکردن و دیپۆرتکردنەوەو داخوازی بۆ مافی پەنابەری لە وڵاتانی ئەورووپادا، ڕووی لەهەڵکشانێکی بەرچاو کردووە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی فیدراسیۆن ژمارەی دەستگیری پەنابەران لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لە ١٢٢ هەزارەوە لەساڵی ٢٠٢٠ هەڵکشاوە بۆ نزیکەی ١٦٣ هەزار لەساڵی ٢٠٢١دا. ئەوەش ئەو ڕاستییە دەخاتە روو کە دۆخی ژیان و گوزەران و نائەمنی، بەهۆی شەڕ و دەستێوەردانی دەرەکی و ململانێیکانەوە، بەرەو خراپی چووە، کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆرتر ناچار بن شوێنی ژیانیان بەجێ بهێڵن.

ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەکەیە:

## فیدراسیۆن ئاماری پەنابەران وکێشەکانیان بۆ ساڵی ٢٠٢١ بڵاو دەکاتەوە

بەبێ ئەو ئامارانەی لەلایەن فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقیەوە وەهەروەها کۆچ و کۆچبەرانی تورکیا وریکخراوی ئای ئۆ ئیم .. تۆمارکراوە ژمارەی ژیان لەدەستدانی پەنابەران لەتورکیاو لە تەواوی جیهان زۆر زیادی کردووە.

**تورکیا:**

ئاماری گرتن و ژیان لەدەستدان و کیشەوگیروگرفتەکانیانی پەنابەران بۆ ساڵی ٢٠٢١

بەپێی ئاماری سەرۆکایەتی کۆچ و کۆچبەرانی تورکیا

**<u>ژمارەی دەستگیرکردنی پەنابەران لەتورکیا ٢٠٢١</u>**

١٦٢،٩٩٦ سەدوو شەست و دووهەزاروو نۆسەدوو نەوەت نۆ پەنابەردەستگیرکراون کە ئەم ژمارەیە زیادی کردووە لەئاست ساڵی ٢٠٢٠دا کە بریتی بوە لە ١٢٢هەزارو ٣٠٢ پەنابەر .

لەو ژمارەیەی ئەمساڵیش کە دەستگیرکراون ٤هەزارو ٤٠٨ پەنابەریان پەنابەرانی هەرێمی کوردستان و عێراقن کە لە پلەی شەشەمی پەنابەرە دەستگیرکراوەکاندان.

پەنابەرانی ئەفغانیش ٧٠هەزارو٢٥٢ پەنابەر لە پلەی یەکەم دێن پەنابەرانی سوریش بە ٢٣هەزارو ٤٦٩ لە پلەی دووەم دێن لەپلەی سێیەمیش پەنابەرانی پاکستانین کەبریتیتین لە ١٦ هەزارو ١٣٣ پەنابەر ( سۆماڵی ٥٢٤١ / ئۆزپاکستان ٤٨١٧ / تورکمانستان ٤٣٤٠ / بەنگلادیش ٤١٧٤ / ئێرانی ٣٥٠٣ / فەڵەستینی ٣٤٩١ / پەنابەرانی وڵاتانی تر ٢٣هەزارو ١٦٨ پەنابەر

**<u>ژمارەی ئەوپەنابەرانەی ژیانیان لەدەستداوە لەساڵی ٢٠٢١ لەتورکیا</u>**

بەداخەوە ژمارەی ژیان لەدەستدانی پەنابەران لەساڵی ٢٠٢١ لەئاست ساڵی ٢٠٢٠دا زۆر زیادی کردووە لەساڵی ٢٠٢١ ( ٤٠٣ ) پەنابەر ژیانیان لەدەستداوە لەساڵی ٢٠٢٠دا ( ٢٨٢ ) پەنابەر ژیانیان لەدەستدابوو زۆرینەی قوربانیەکان لەنیودەریادا ژیانیان لەدەستداوە کە بەدەیان پەنابەریان پەنابەرانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاوای <u>کوردستانن کە لە خوارەوە ئاماژەی پیدەدرێت.</u>

ئاماری داواکردنی مافی پەنابەریتی نێودەوڵەتی لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران UNHCR بەم شێوەیەیە:

لەساڵی ٢٠٢٠دا ٣١ هەزارو ٣٣٤ پەنابەر لەتورکیا داوای مافی پەنابەرێتی نێودەوڵەتیان کردبوو بەڵام لەساڵی ٢٠٢١دا ژمارەکە کەمی کرد بۆ ٢٩هەزارو ٢٥٦ داواکردنی مافی پەنابەرێتی نێودەوڵەتی

**<u>هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:</u>**

یەکەم: گۆڕانکاری وەرگرتنی پەنابەر لەنێوان ڕێکخراوی UNHCR و سەرۆکایەتی کۆچ و کۆچبەرانی تورکیا

دووەم: بەربەستەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا

سێیەم : سەختکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی پەنابەران لەلایەن سەرۆکایەتی کۆچ و کۆچبەرانی تورکیاوە.

***<u>ژمارەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ داواکردنی مافی پەنابەرێتی نێودەوڵەتی لە UNHCRلەتورکیا لەئاست ساڵی ٢٠٢٠دا کەمی کردووە کە بەم شێوەیەیە:</u>***

لەساڵی ٢٠٢٠دا ٥هەزارو ٨٧٥ داواکاری مافی پەنابەرێتی نیودەولەتی لەساڵی ٢٠٢١دا ٤هەزارو ٩٦١ داواکاری مافی پەنابەریتی نیودەوڵەتی لەڕێکخراوی UNHCR.

**<u>هۆکاری کەم داواکردنی مافی پەنابەرێتی نێودەوڵەتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:</u>**

**یەکەم:** سەختکردنی پێدانی فیزا بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەلایەن تورکیاوە

**دووەم:** بێ هیوابوونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەو گۆڕانکاریەی لە نێوان ڕێکخراوی UNHCR و سەرۆکایەتی کۆچ و کۆچبەرانی تورکیادا بەپێدانی دەسەڵاتی وەرگرتن و پەسەندکردنی کەیسی پەنابەران بە تورکیا

**سێیەم:** سەخت وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی کەیسی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی کۆچ و کۆچ بەرانی تورکیا

**<u>ئاماری دەستگیرکردنی ئەو قاچاخچیانەی بازرگانیان بەژیانی پەنابەرانەوە کردووە لەتورکیا</u>**

ژمارەی دەستگیرکردنی ئەوقاچاخچیانەی بازرگانیان بەژیانی پەنابەرانەوە کردووە زۆر زیادی کردووە

لەساڵی ٢٠٢٠دا ٤هەزارو ٢٨٢ قاچاخچی لەسنوری تورکیا دەستگیرکراون لەساڵی ٢٠٢١دا ژمارەکە بەرزبویەوە بۆ ٧هەزارو ٩١٨

***<u>ئاماری داواکردنی ئیقامەی گەشتیاری و جۆرەکانی تری ئیقامە:</u>***

هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ماوەی چەند ساڵێکە لە ڕیزبەندی یەکەمدان بۆ داواکردنی ئیقامەی گەشتیاری و جۆرەکانی تری ئیقامە لەتورکیا لە ساڵی ٢٠٢١دا بۆ جارێکی تر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەر لە پلەی یەکەمدان کە بریتیە لە ١٦٣هەزارو ٧٧٥ داواکردنی ئیقامە لەو ژمارەیەش تەنها ٦هەزارو ٤٨٩ داواکردنی ئیقامە بۆ خوێندن بوە بەپێی ئامارەکە لە ٩٠% زیاتری ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان و عێراق داوای ئیقامەیان کردووە گەنجان بوون.

**بەپێی ئاماری ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیش IOM**

ژمارەی ژیان لەدەستدانی پەنابەران لەساڵی ٢٠٢١دا زۆر زیادی کردووە لە ئاست ساڵی ٢٠٢٠دا بەم شێوەیەی خوارەوە

لەساڵی ٢٠٢٠دا ژمارەی ژیان لەدەستدان و بێسەروشوێن بوونی پەنابەران لەڕێگایی گەیشتن بە وڵاتانی ئەوروپی بریتیبوە لە ٤هەزارو ٢٤٠ پەنابەر.

بەڵام بەداخەوە لەساڵی ٢٠٢١دا ژمارەکە بەرزبویەوو بۆ ٥هەزارو٧٣ <u>پەنابەر</u> کە زۆرینەیان لەدەریایی سپی ناوەڕاستدا ژیانیان لەدەستداوە.

تەنها لەساڵی ٢٠٢١دا ئەو پەنابەرانەی لەدەریایی سپی ناوەڕاستدا هەوڵی پەڕینەوەیانداوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا و تۆمارکراون بریتیە لە ١٧٦هەزارو ٤٠٦ پەنابەر

لەساڵی ٢٠٢١دا تەنها لە وڵاتی ئەڵمانیا ١٣ هەزارو ٣٧٥ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان و عێراق داوای مافی پەنابەرێتیان کردووە

**ژمارەی ژیان لەدەستدان و بێسەروشوێن بوونی پەنابەران لە ساڵی ٢٠١٤ تا ساڵی ٢٠٢١ بریتیە لە ٤٦هەزارو ٨٢ پەنابەر**

که تەنها لەدەریایی سپی ناوەڕاستدا ٢٨هەزارو ١٥٠ پەنابەر بێ سەروشوێن بوون و ژیانیان لەدەستداوە کە لەو ژمارەیە تائێستا تەرمی ٢٣هەزارو ٣١٢ پەنابەر نەدۆزراونەتەوەو بێسەروشوێن بوون

**سەبارەت بەهۆکارەکانی ژیان لەدەستدان و بێ سەروشوێن بوونی پەنابەر بەم شێوەیەیە:**

**١/ ٢٨،١٥٠ پەنابەر ژێرئاوکەوتن( خنکان )**

**٢/ ٧،٨٧٩ پەنابەر نادیار**

**٣/ ٣،٤٥٧ پەنابەر ڕووداوی ئۆتۆمبێل و گواستنەوەی مەترسیدار**

**٤/ ٢،٦٥٠ پەنابەر نالەباری کەش و هەواو نەبوونی ئاو و خۆراک**

**٥/ ٢،٣٤٩ پەنابەر توندوتیژی**

**٦/ ١،١٦١ پەنابەر نەخۆشی و نەبوونی چارەسەری پزیشکی و دەرمان**

**٧/ ٤٣٦ پەنابەر مردنی کوشندە**

**<u>ژمارەی ژیان لەدەستدان وبیسەروشۆین بوونی هاولاتیانی هەریمی کوردستان لەساڵی ٢٠٢١دا بەم شیوەیەیە:</u>**

بەداخەوە ژمارەی ژیان لەدەستدان و بێسەروشوێن بوونی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان بریتیە لە زیاتر لە ١٠٠ پەنابەر کە زۆرینەیان لە دەریایی ئیجەو دەریایی سپی ناوەڕاست و کەناڵی نوکەندی دەریایی بەڕیتانیاو فەرەنسا وە هەروەها لەرووداوی تری نادیاردا ژیانیان لەدەستداوە و بەدەیان پەنابەری کورد بێ سەرو شوێنن و تەرمەکانیان نەدۆزراونەتەوە.

فیدراسیۆن لە سەرەتایی ڕووداوەکاندا دەستی کردووە بەبەدواداچون بۆ پەنابەرە بێ سەروشوێن بوەکان و ئەو پەنابەرانەشی بەهۆکاری نادیار لەڕێگای ئەوروپاش ژیانیان لەدەستداوە. لەگەڵ زانیاری نۆێدا هەنگاو بەهەنگاو هەواڵەکانی بڵاو دەکەینەوە

**فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

<u>١١/١/٢٠٢٢</u>

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com



# لەم ژمارەیەدا کامەران محەمەد وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە

**توندوتیژی بۆ بەرهەمهێنانەوەی جەلاد**

**لە پەراوێزی دەستشکانی کچە فێرکارێکی پۆلێ شەشی سەرەتایی لە لایەن مامۆستاکەیەوە لە خوێندنگەی ڕاپەڕین.**

**پرسی ڕۆژ: ئایا دەتوانین لێدان لە قوتابی وەکو ئامرازێکی پەروەردە ببینین؟**

**کامەران محەمەد: ئەمن پێموایە ئەگەر یەک دانە مامۆستا ڕێگە بەخۆ بدات توندوتیژی بەرامبەر قوتابی بەکار بێنێت، کەواتە تەواوی سیستەمی پەروەردە لەژێر پرسیار دایە؟ چونکە ئەگەر سیستەمێکی تۆکمە و پێشکەوتوو هەبێت، نابێت نەک ڕێگە بدات مامۆستا لە منداڵ بدات، بەڵکو نابێت ڕێگەش بەبیرکردنەوە لە ڕەفتارێکی وادا بدات!**

**ئەوەی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت، سیستەمێکی داپڵۆسینە! سیستەمێکە لەسەر تۆقاندن و شکاندن بەڕێوە دەچێت، ئەم داپڵۆسینە هەر بەتەنیا لەسەر قوتابی نییە، بەڵکو لەسەر مامۆستاشە، بۆ نمونە کاتێک مامۆستایەک بۆ مافی خۆی دەنگ هەڵدەبڕێت، دەسەڵات لە ڕێگەی شەقوەشێنەکانییەوە، لەبەر چاوی دونیا پەلاماری مامۆستاکە دەدات و دەیداتە بەر شەق! لێرەدا مامۆستا وەکو قوربانییەکی گەورە دەبینین و دەشبینین ئەو مامۆستایە هیچ مافێکی بەرگری نییە! خودی ئەم ڕەفتارەی دەسەڵات، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی مامۆستاکە ( ئەگەر لە بێئاگاییش بێت) قەرەبووی ئەو شکاندنەی، بەتوندوتیژی لەبەرامبەر قوتابییەکەی بکاتەوە. واتە پڕۆسەکە بەرهەمێنەرەوەی جەلادە لە فۆڕمێکی دیکە، واتە بەجەلادکردنەوەی قوربانییە!**

**لەسەردەمی بچوکبوونەوەی دونیا بۆ گوندێک، هەموومان ئاگادارین، کە بەکارهێنانی توندوتیژی لەگەڵ منداڵ، نەک لە قوتابخانە، تەنانەت لەماڵیش وەکو تاوان سەیر دەکرێت، و دایک و باوکیش بۆیان نییە لەگەڵ منداڵەکانیان توندوتیژ بین، خۆ ئەگەر حاڵەتێکی وا ڕوویدات، حکومەت و دەزگا مەعنییەکان هەر لە پەروەردەوە هەتا دەگاتە پۆلیس دێنە ناو کێشەکە و کەسی توندوتیژ ڕەفتار، جا مامۆستا بێت یان باوک و دایک، سزا دەدرێن، کەچی لای خۆمان پۆلیس لە مامۆستا دەدات و مامۆستا لە قوتابی، دایک و باوکیش جگە لە توندوتیژییەکانی ماڵەوە، بەوەش ناوەستن بە مامۆستا دەڵێن "منداڵەکەمان گۆشتەکەی بۆ تۆ و ئێسکەکەی بۆ ئێمە" .**

**حیکمەتی یاسا لە جێبەجێکردنەکەی دایە، ئەوە ڕاستە لە کوردستان ساڵانێک زۆرە بە فەرمی لێدان لە قوتابی قەدەغە کراوە، بەڵام وەک دەبینین بڕیارەکە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزە، چونکە هەتا ئێستا نامانبیبیوە مامۆستایەک لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی سزا درابێت!.**

**کۆمەڵگەیەک بەلایەوە ئاسایی بێت مامۆستا، یان دایک و باوک لە منداڵ بدات، کۆمەڵگەیەکی ناتەندروستە و نەوەی تێکشکاو بەرهەم دەهێنێت، دەشێت ئەو تێکشکاویەی ئێستای خەڵکی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر دەسەڵاتێکی ستەمکار، هۆکارەکەی بۆ ئەو توندوتیژییە بگەڕێتەوە کە لە منداڵیەوە بەرامبەرمان بەکارهێنراوە، ئەگەر ئێمە بە منداڵی تێکنەشکێنرابین، هەرگیز دوو حزب ناتوانن سی ساڵ ستەممان لێ بکەن.**

# کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەوالانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەلات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

**bopeshawa@gmail.com**

**www.bopehsawa.net**

**قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منالان لە خێزان و قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەلگە بەگشتی و قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی، قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی و ترساندنی منالان، مافێکی سەرەتایی هەر منال و خوێندکارێکە..**



# ململانێی شەقاوەکانی دەسەڵات بۆ قازانجی خۆیانە نەک خەڵک!

## نووسینی: عبدالرحمن رسول

ئەم جۆرە ململانێیانەی کوتلە و بەش و حیزبەکانی عێراق و کوردستان زیاتر لەململانێی شەقاوەکان دەچێت، نەک ململانێی سیاسییەکان بۆ هێنانەدی ماف وئازادی خەڵک بێت کە لەژێر هەر ناونیشانێکیشدا خۆیان نمایش بکەن، هیچ لە ناوەڕۆکی شەقاوەیی ململانێکانیان ناگۆڕێت. باڵە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق لەناوەڕۆکدا هەریەک پەیام وئامانجیان هەیە ئەویش دەست بەسەرداگرتنی زیاتری سامان وداهاتی ژێرزەوی وسەرزەوی عێراق وکوردستانە بەناوی حکومەتدارییەوە کە ئامانج ئەوەیە جیاوازی چینایەتی گەشە پێبدات وسەرجەم کەرتە گشتییەکان وخزمەتگوزارییەکان بکاتە کەرتی بازرگانی بۆ کردنەوەی پارەو زیادکردنی باج وسەرانە لەسەر خەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش. هەروەها ئامانج ئەوەیە خۆیان سەرمایەدارتر وپارەدارتر بکەن وخەڵکیش بەگشتی لەعێراق وکوردستان هەژارو بێکارو برسی تر بکەن. کەوایە هەموویان یەک ناوەڕۆکی بەرنامە بۆ داڕێژراویان بۆ ئیدارەدانی عێراق و کوردستان هەیە کە زیاتر بەرەو چەتەیی و دزی و تاڵانییە کە وەکو شەقاوەیەکانیش خۆیان نمایشی هێزی خۆیان دەکەن بۆ هەلهەلە لێدان بۆ سەرکەوتنەکانیان. حکومەتی داهاتووی عێراق لەسەر دەستی ئەم جۆرە سیاسییانە کە چەتە ئاسا حکومەت بەڕێوەدەبەن، تەنها ئامانجیان کەڵەکردنی سامان و پارەیە بۆخۆیان و حیزبەکەیان. لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەم هەڵبژاردنەی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ یەکەمین هەڵبژاردنی پێشوەختەیە لە عێراق، کە لەژێر فشارو داواکارییەکان و خواستی ڕاستەقینەی خۆپیشاندەران بوو بە ئامانجی گۆڕانکاری باشتر لە عێراقدا کە داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتیان دەکرد. خەڵکی ناڕازی بەپێچەوانەی حیزبە سیاسییەکان هیچ ئومێد و هیوایەکی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نەبوو، خەڵک وشیارە لەڕوویی بەئاگایی چینایەتییەوە دەزانێت لەسەردەستی ئەم حیزبە قەومی ودینیانە کۆمەڵگەی عێراق وکوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی باشترو شارستانی ناچێت، بەڵکو زیاتر وێرانی دەکەن و خەڵک لەهەژاری و بێ خزمەتگوزاری و شەڕو ئاوارەییدا ڕادەگرن، هەربۆیەش کەمترین خەڵک لەعێراق و کوردستان بەشداری ئەو هەڵبژاردنەی کرد کە بەپێی ڕاگەیاندنی فەرمی یەکان لەسەدا ١٨٪ بەشداری کردووە. کەوایە ئەم دەسەڵاتەی حکومەتی داهاتووی عێراق نوێنەری لەسەدا ١٨٪ عێراق وکوردستانە کەئەوانیش بریتین لەخەڵکی ماستاوچی وکۆیلە و کۆنە بەکرێگیراو جاسوس و هێزە ملهوڕەکانی دەسەڵاتن، نەک زۆرینەی خەڵکی عێراق وکوردستان. بەڵام ئەوان بەناوی نوێنەرایەتی هەموو خەڵک حکومەتداری دەکەن. ئەمەش بە مانای ئەوەیە کە بەزۆر خۆیان سەپاندووە بەسەر لەسەدا ٨٢٪ خەڵکی عێراق و کوردستاندا. هەر کێشە وململانێیەکیش ساز دەکەن لەدەرەوەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکدایە هەر لەبەرئەمەیە پێویستە خەڵکی ناڕازی بیر لەبەرژەوەندی خۆی بکاتەوە وەکو چینێکی بێ ماف وبێ ئازادی، هەر مرۆڤێکی وشیار دڵسۆزانە هەنگاو بۆ ڕێکخراوبوونی خەڵکی ناڕازی بنێت بەئاراستەی هێنانەکایەوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری کە لەچوارچێوەی شوراکانیان خۆیان ڕێکخراوبکەن و پلان وبەرنامەی ئیدارەدانی کۆمەڵگە بخەنە ڕوو. با ڕوونتر سەیری هەبوونی ململانێکانیان بکەین ئەوجا باشتر دەردەکەوێت کە هیچ پەیوەندی بە چارەسەری کێشەکانی خەڵکەوە نییە!

**کێشمەکێشمی بەناوی شیعەکان و کوردەکان وسوننەکان:**

لە کوردستان چەندەها ساڵە حیزبەکانی دەسەڵات ساڵ لەدوای ساڵ کۆمەڵگەیان وێرانتر کردووە و زیاتر گەڕاندوویانەتەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لەڕوویی دەست ڕاگەیشتنی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بە خزمەتگوزارییە تەندروستی و کارەبا و پەروەردە و فێرکردنەوە بەردەوام خەڵک باجی زیاتری خراوەتە سەرو لەبوونی خزمەتگوزارییەکان بێبەشکراوەو باشترە بڵێین زیاتر ئەم بەشانە بوونەتە سەرمایەگوزاری وکۆکردنەوەی پارە بۆ دەسەڵات و کۆمپانیاکان و سەرمایەدارەکانی کەرتی تایبەت. کاتێکیش خەڵک ناڕەزایەتی نیشانداوە بەتوندترین شێوە سەرکوتکراوە و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەکان زیندانی کراون. بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە حکومەتەوە کە لەسەربناغەی گەشەدان بەجیاوازی دینی و نەتەوەیەکان دامەزراوە لەپێناو سوودو قازانجی سیاسییەکان خودی ئەم ململانێیانە بە ئاراستەی سەرمایە گوزاری مل دەنێ. ئەم حکومەتەی کوردستان وعێراق لە دوای پێکهێنانی یەکەمین حکومەتی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٦، پۆستی سەرۆک وەزیران وەک عورفێکی سیاسی بۆ پشکی شیعە عەرەبەکان دانراوە واتە بۆ ڕازیکردنی شیعە سیاسییەکان دانراوە، نەک لەسەر ئەساسی دڵسۆزی و شارەزایی ولێهاتوویی بۆ خەڵکی عێراق وکوردستان بۆئەوەی عێراق بەرەو عێراقێکی باشترو شارستانی بەرێت، بۆیە ئەم دابەش بوونەی نێوان ماڵی شیعە حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو بوو، هەر لایەنێکی شیعی لە هەوڵی ئەوەدایە کە زۆرینەی پەرلەمانی کۆبکاتەوە و حکومەت پێک بهێنێت واتە ململانێکە زیاتر لەناو سیاسییە مەزهەبی یە شیعەکان خۆیاندایە، نەک لەنێوان تەواوی خەڵکی عێراقدا، بۆ پۆستی سەرۆکی کۆمارو پەرلەمانیش بەهەمان شێوە کەبەشی کورد و سوونە مەزهەب دانراوە، کە ئەوەندەی خەریکی ململانێی ناوچەیی و قەومی وحیزبایەتی و دینین بەئامانجی سەرمایە گوزاری کردن بەناوی نەتەوایەتی ودینداررییەوە کە لەژێر بیروباوەڕی دینی و نەتەوایەتی خەڵکی پێ فریوبدەن و بێ دەنگی بکەن لەئاست داواکردنی ماف و ژیانێکی باشتر یان ئەوەندە خەریکی باشترکردنی ژیانی خەڵک نین. بەم جۆرەش هێزی جێبەجێکاری یاسایی لەڕابردوو چۆن خراپ بووە بۆ داهاتووش بەدڵنیاییی خراپتریش بەرەو لاوازی دەچێت، چونکە سەرجەم پۆست و پلە باڵاکانی دەوڵەتداری وحکومەتداری وەکو کاڵایەکی بازرگانی مامەڵەیان پێوەکراوە و پێوە دەکرێت، ئەمەش خودی بەواتای کوشتنی هێزی ئیدارەدانی گشتی عێراق دێت وەک دامەزراوەیەکی مەدەنی و ئیدارەدانی حکومەتداری بەمانایەکی ڕوونتر بچووکردنەوەی هێزی یاساییە لەڕوویی جێبەجێکارییەوە. هەروەها لەداهاتوو زیاتر هێزی دەوڵەتداری دەکوژێت لەبەرئەوەی تووشی پێکدادانی جۆراوجۆر دەبێت لەبەرامبەر هێزە سیاسییە جیاوازییەکانی عێراق لەلایەک کە ئەوانیش زیاتر ململانێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن بۆ کۆکردنەوەی سامان و پلەوپۆستی ئیداری دوور لەبەرژەوەندی خەڵک، لەلایەکی تریشەوە هێزی ناڕازی خەڵک بەهێزترەوە دێتەوە مەیدان جارێکی تر فشاری زیاتر دەکەوێتە سەر دەسەڵات وحکومەت. ئەم شەقاوە سیاسییانە باشترین حاڵەتیان ئەوەیە کە حکومەتێکی تەوافقی کە هەموو لایەنەکان تیایدا بەشداربن دابمەزرێنن بەمەش حکومەتێکی لاواز لەڕوویی جێبەجێکاری یاساکانی مەدەنی و شارستانی دێتەکایەوە کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ڕوو بەڕوویی گەشەی گەندەڵی وفەسادی ودزییەکانی ناو دامەزراوەکانی حکومەت ببێتەوە. کەوایە هەر لەئێستاوە دەبێت چاوەڕوانی ئەگەری ڕووداوی جیاوازتر بین لەداهاتوو لەشێوەی هاتنەکایەوەی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانی فراوانترو بەگوڕتر. ئەزموونی حکومەتی تەوافقی لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو و پڕ کێشە بووە، جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە نەیتووانیوە حکوومەتێکی سەقامگیر لە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی-کەلتووری - فرە ئاینی وەک عێراق پێک بهێنێت و گشت پێکهاتەکانی وڵات لە بەڕێوەبردنی پایەکانی حوکمڕانیدا بەشدار پێبکات و ژیانێکی ئاشتیانە دوور لە توندوتیژی نەتەوەیی، ئاینی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا بۆ هاوڵاتیانی فەراهەم بکات. سات لەدوایی سات ڕوحی ئیدارەدانێکی سەرکەوتوو لەناو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەکوژرێت و هەناسەی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازی زیاتر دەخرێتە کەنارەوەو گۆشەگیر دەکرێت لەناویاساو دامەزراوەکانی حکومەتداری لەکوردستان وعێراقدا.

ڕێگاچارەی خەڵک ئەوەیە کە زیاتر لەخەمی خۆیاندابن بۆ هێنانەدی ماف و ژیانێکی شایستەتر بەخۆیان، تەنها بەشێوازی ناڕەزایەتی وخۆپیشاندان ئەوجۆرە مافانەی خەڵکی کوردستان و عێراق بەدی نایەت، چونکە حیزبە دینی و قەومییەکان ڕوحی هێزی تێکوشانە مەدەنی و شارستانییەکانیش لەخۆپیشاندانەکان و ناڕەزایەتییەکانیشدا دەکوژن و ئاراستەی دەکەن بەرەو هێنانەدی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان. لەئاکامدا کۆمەڵگە بەرەو ململانێی نەتەوایەتی و دینی و ناوچەیی زیاتر ئاراستە دەکەن بەمەش لەلایەک زیاتر خەڵک دەکەنە قوربانی و ئاوارەیان دەکەن بەهۆی شەڕەکانیانەوە لەلایەکی ترەوە خەڵک دوور دەخەنەوە لەیەکگرتوویی تێکۆشانی جەماوەری. بەمەش تەنها خۆیان قازانج دەکەن کەدرێژە دەدەن بەدزی و چەوسانەوەو گەندەڵییەکانیان. هەربۆیە باشترین هەنگاو ئەوەیە خەڵکی ناڕازی بەهیچ جۆرێک بەشداری سیناریۆکانی ئەم حیزبانە نەبێت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی وململانێکانیان، تەنها لەخەمی ڕێکخراوبوونی هێزی ناڕازی کۆمەڵگەدا بێت، خەڵکی ناڕازی لەگەرەک وشوێنی کارو نیشتەجێبوونی شوراکانی خۆی هەڵبژێرێت و خەڵکی ناڕازی لەناو بزوتنەوەی شوراکاندا خۆی ڕێکخراو بکات بۆ لەگۆڕنان و ڕاماڵینی ئەم جۆرە دەسەڵاتە چەوسێنەرو دزانە. دەبێت خەڵک بەئیرادەی بەهێزەوە بەرەو ئیدارەدانی کۆمەڵگە لەلایەن خەڵکەوە هەنگاوی کرداری بنێت...





پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# توندوتیژی زارەکی دژ بە ئافرەتان...

## نوسینی: ئاریا یاسین

چەندجار هەستی ناخۆشت لادروست بووە لەکاتێکدا بەلای کەسانکێکدا تێپەڕیویت کە پەیڤ و دەربڕینی نەشیاو و ناشرینیان بەکارهێناوە؟ چەندجار لە بازاڕ و جێگا گشتییەکاندا نیگات چۆتە سەر کەسانێک کە توانجیان لە ئافرەت داوە؟ چ هەستێکت هەبووە، کە بەلای دوو نێرینەدا تێپەڕیویت و بەشەڕ هاتوون و جنێویان بە دایک و خوشکی یەکتری داوە؟ چەندجار لەناخی خۆتەوە هاوارتکردووە ئەم بێڕێزییە کەی بە کۆتا دەگات؟

تاچەند ئەم وشانە ئازاری دەروونمان دەدەن و بڕوابەخۆبوونمان لاواز دەکەن، سنووری هێمنی و ئارامی ناخمان دەبەزێنن؟ هەموو ئەوانە بەکارهێنانی توندوتیژییە دژ بە ئافرەتان کە پێیدەوترێت توندوتیژی زارەکی.

توندوتیژیی زارەکی دژ بە ئافرەتان، جۆرێکە لە جۆرەکانی توندوتیژیی دەروونی، کەرووبەڕووی خانمان لە تەمەنە جیاجیاکاندا دەبێتەوە و وەک پرۆسەیەک بەشێوەی دیار و نادیار و بەچەندین جۆر لەناو کۆمەڵگەدا ڕۆژانە پیادە دەکرێت. بەهۆیەوە زیان بە هۆش و بیرو دەروونی ئافرەت دەگەیەنێت، توندوتیژی زارەکی کە بەزمانی عەرەبی پێی دەگوترێت (عنف اللفضی) و بەزمانی ئینگلیزیش پێی دەگوترێت Verbal violence)) پێکهاتووە لە هەندێک کارلێکی زمانەوانی، کە ئازاری هەستەکانی مرۆڤ دەدات. دەروونناسان و کۆمەڵناسان توندوتیژیی زارەکی وا دەناسێنن، کە بەکارهێنانی کۆمەڵێک دەستەواژەیە دوور لە ئاکار و ڕەوشتی بەرز ئاراستەی مرۆڤ دەکرێت، و لێرەشدا بەتایبەت باسی ئەو جۆرە توندوتیژییە دەکەین کە ئاراستەی ئافرەتان دەکرێن، ئەویش بەرەنجامی نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری و باڵادەستی عەقڵییەتی پیاوسالاری و ڕەوابیدان بەوەی کە پیاو پێشەنگە و بیروڕای زاڵە و دواجار بیروڕا و تواناکانی ئافرەتان بەهەند وەرناگرن، دیارە ئەم دۆخە و وردەکارییەکانی لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دی و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە و ڕێژەکەشی دەگۆڕێت.

توندوتیژیی زارەکی بە بەربڵاوترین جۆری توندوتیژی هەژمار دەکرێت، ڕەنگە لێکەوتە نێگەتیڤەکانیشی زیاتر بێت و ڕەنگە زۆر کەسیش لای وابێت پەنابردن بۆ توندوتیژیی زارەکی بە بەراورد بە توندوتیژیی جەستەیی تاڕادەیەک ئاسایی بێت. لە کاتێکدا، جێگای برینەکانی توونددوتیژیی جەستەیی ساڕێژ دەبێت، بەڵام جێگای وشە ئازاردەر و پڕ ژانەکان لە ناخ و دەروونی مرۆڤەکاندا دەمێننەوە و دەبنەهۆی دروستبوونی خەمۆکیی و دڵەڕاوکێ و زۆربیرکردنەوە و تێکدانی ناو و ناوبانگ و کەسایەتی .

ڕۆژانە زۆرینەی ئافرەتەکانمان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بێ ئەوەی هەستیان پێبکرێت و لە ئازارەکانیان تێبگەن، بۆنموونە ناوهێنانی کچی گەورە بە قەیرە و چواندنی ئافرەت بە کەرەستەکانی ناو ماڵ یان بە منداڵ، نموونەش کە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە نێرینەیەک دەگوترێت لەکوێی، دەڵێت لەگەڵ ماڵەوە یان لەگەڵ منداڵەکانم. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزمیی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو نێرینەیە جا ئەو نێرینەیە کەسێکی نەخوێندەواری ئاسایی بێت، یاخود خاوەنی بەرزترین بڕوانامەش بێت. لەلایەکی ترەوە باسکردنی هاوسەرگیریی دووهەم لەلایەن نێرینەکان و لەناو خۆیاندا ئەگەرچی وەکو سوعبەت و گاڵتەوگەپیش بێت، دەکرێت بپرسین، بۆ دەبێت بۆ خۆشکردن و گەرمکردنی کەشوهەوای گفتوگۆ باس لە هاوسەرگیریی دووهەم بکرێت؟! لەکاتێکدا ڕەنگە ئەو نێرینەیە هەرگیز بەنیازی هاوسەرگیریی دووهەمیش نەبێت، ئەمەش جۆرێکە لە ڕوشاندن و ئازاردانی ناخ و دەروونی ئافرەتان و هەڕەشەیە بۆسەر ژیان و شڵەژانی ئارامیی و دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژی زارەکییەوە.

کاتێک نێرینەکان لەناو خۆیاندا بەشەڕدێن خێرا پەنا دەبەنەبەر جنێودان بە ئافرەتەکانی خێزان و کەسوکاری یەکتر. هاوکات چواندنی پیاوی کەم دەسەڵات بە ئافرەت، ئەمە جگە لەوەی کە ئافرەتان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن نێرەکانی ماڵەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و جنێودان و تانەوتەشەر دەبنەوە.

ئافرەتەکان نەک هەر لەماڵەوە تەنانەت لەسەر شەقام و لە جێگای کار و شوێنە گشتییەکانی دیکە ڕووبەڕووی توانج و تانە و پیاهەڵدانی تەنزئامێزانە بە لەش و لاریان دەبنەوە، دەستەواژەکانی وەک (ئاخ بمرم بۆت، کوێراییم دایە بۆ ئەو لەشولارە، سنگت واو، لێوت وا ...تاد). یاخود بەشێوەی هێمای نازمانی وەکو تەماشاکردن بە چاوێکی برسییەوە، یان چاوداگرتن و لێوگەستن و کۆمەڵێک هێما و ئاماژەی زمانی جەستە، کە دەربڕینی حەز و ئارەزووەکانی نێرینەن، کۆی ئەمانە، ئازادییەکانی ئافرەتان سنووردار دەکەن و لایەکی ترەوە بەکەم




تەماشاکردنی تواناکانیان لە جێگای کار بە کۆمەڵێک دەربڕینی وەکو (ئەمە بۆ ئافرەت نەکراوە، ئەوە بەتۆ ناکرێت)، سەرەڕای ئەمانە وەک چۆن پێنەدانی ناز و خۆشەویستی و پەراوێزخستنی ئافرەتان جۆرێکە لە توندوتیژی دەروونی، بەهەمان شێوەیش بێبەشکردنی ئافرەتان لە دەربڕینی هەستی جوان و وتنی وشەی ئاسایی و بێهەست لەبری دەستخۆشی و پێزانینیان بەکار و خزمەتەکانیان لەلایەن هاوسەر و باوک و براکانیانەوە، بەتوندوتیژیی زارەکی هەژماردەکرێت و هۆکاری هەموو ئەمانە تەنها خۆی لە لاوازیی ئاستی ڕۆشنبیریی خێزان و کۆمەڵگە دەبینێتەوە.

بەشێکی خۆڵقاندنی ئەم تاوانە لە ئەستۆی خێزانەکاندایە، هەر لەمنداڵییەوە کۆمەڵێک بۆچوون لەناخی کچەکانیان دەڕوێنن، ئافرەتان بەشێکن لە مافەکانی پیاوان، ئیدی بەمجۆرە کچان گەورە دەبن و ڕادێن بەوەی بەرگەی جنێو و شکاندنەوە و بریندارکردن بگرن، ئافرەتەکان گەورە دەبن و هێشتا کەسایەتی و تواناکانی خۆیانیان نەدۆزیوەتەوە. لەولاشەوە نێرینەکان گەورە دەبن و لەگەڵیاندا ئەو بۆچوونە گەشە، کە مافی خۆیانە و لە هێز و دەسەڵاتدا باڵان و کەی بیانەوێت توندوتیژیی زارەکی بەرانبەر بە ئافرەتان بەکاربهێنن، بەمشێوەیەش ئەو نێرینانە هەرگیز نابن بە پیاو!! و ئافرەتەکانیش مێژوو قوربانیدانیان تۆمار دەکات، لە پاڵ خێزاندا ئەرکی دەزگا حکومی و پەروەردەییەکانە کە وانەی تایبەت بە بەرگریکردن لە توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژیی زارەکی بەتایبەتی بخەنە پرۆگرامەکانی خوێندن و تاکەکان لە منداڵییەوە لەسەر بناغەی یەکسانیی جێندەری ڕابهێندرێن و بیرۆکەی مرۆڤبوون جێگەی جیاوازیی جێندەری بگرێتەوە، دیارە ئەمەش دەبێت ببێتە کارنامەی پارتە سیاسییەکان و کاری لە پێشینەی کابینەی ئەو حکومەتانەی لە ئێستا و لە ئایندەدا پێکدەهێنرێن. زۆری دی...زۆری دی.

# لە بۆپێشەووووە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

*** ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.**

*** هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**



# هێرش بۆ سەر لەشفرۆشان و باندەکانیان...

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

دەزگا راگەیاندنەکانی کوردستان بەشیوەیەکی بەربڵاو باسی هەڵمەتێکی فراوانی ئاسایش و هێزەکانی تر کرد کە کراوەتە سەر یەکێک لە یانەیەکی شەوانە، کە دەوترێت کاری لەشفرۆشی و بازرگای سیکسی تیادا بەڕیوەچووە. وەک باسیش دەکرێ بەرپرسی پارتی و یەکێتی لەپشتی ئەم باندانەوەن. بەڵام تا ئێستا هیچ لەم بەرپرسانە دەستگیر نەکراون ئەوەی دەستگیر کراوە سەدان ژنی لەشفرۆشی عەرەب و ئێرانی وسوری و کورد بوون. دیارە ئەگەر تەنها لە یانەیەکی شەوانەدا نزیکەی سەد کەس دەستگیر کرابن، دەبێ لەو هەموو یانە شەوانەی تردا، چ لە شکرێک لە ژنان و کچان، ناچار بە کاری لەشفرۆشی کرابن؟ وە چەند بازرگان و قاچاخچی سیکسی هەبن و چەند لە بەرپرسانی باڵای حزبەکان لە پشتیان بن؟

ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردستان وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی چینایەتی و لەژێر سایەی دەسەلاتێکی کۆنەپەرستی ناسیونالیستی پشت بەستوو بە نەریتە کۆنەپەرستەکاندا، کە هەموو مافە فەردی و مەدەنیەکانی ئینسانی کلۆم داوەو ئازادییە فەردیەکانی یاساغ کردووە، دەیان و سەدان باندی مافیایی و ئاشکراو نهێنی، بازرگانی سیکسی تیایدا دروست بووە، کە بەر لەهەر کەس و باندێک و دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارییەتی.

ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە تا سەرچاوە و زەمینەی دروست بوونی ئەم دیاردەیە بوونی هەبێ، تا هۆکارەکانی ناچاربوونی ژنان و کچان بە لەشفرۆشی هەبێت، بەدەستگیرکردنی بکەرانی دیاردەی لەشفرۆشی کۆتایی نایەت و جارێکی تر بەجۆرێکی تر سەرهەڵدەداتەوە. سەرچاوەو زەمینەی ئەم دیاردەیە سیستەمێکی ئابوری چینایەتییە کە پێی دەووترێ سەرمایەداری و تا دەسەلات و حوکمرانی بۆ درێژەدان بێت بەم سیستەمە ناعادیلانەیەی سەرمایەداری، دیاردەی لەشفرۆشی وباندو مافیاکانی بازرگانی سیکسیش هەردەمێنێ. کێشەکە لەوە قوڵترە کە بەدەستگیرکردن و زیندانیکردن چارەسەر بکرێ و دەسەڵاتی سیاسیش شانی خۆی لەو دیاردەیە خاڵی بکاتەوە.



لە سیستەمێکدا بێکاری و گرانی و بێمووچەیی هەبێت، لە سیستەمێکدا کاری تاقەت پروکێن بەپارەیەکی کەم هەبێ کە بەشی کەمترین پێداویستی ژیان نەکا، لە سیستەمەیکدا دزی وتاڵانی هەبێ و کۆمەڵێ کەسی سەر بەدەسەڵات و نزیکەکانیان ببنە ملیاردێرو ملیۆنەر و زۆربەی خەڵکیش ببنە هەژار و کەم دەرامەت، لە کۆمەڵگەیەکدا هەلی کار نەبێت، گرانی و بێکاری یەخەگیری زوربەی دانیشتوانەکەی بێت، تاکەکانی ئەم چینە هەژارە بۆ بەردەوامی دان بە ژیان، ناچار بە گرتنەبەری ڕێگای جۆراو جۆر دەبن. بەشێکیان کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵن و کۆچ دەکەن. بەشێکیان دەست بە کارێکەوە دەگرن بەژیانی کولەمەرگی خۆیان درێژە دەدەن و بەشێکیان دەچنە ناو گروپە تیرۆریست و باندو مافیاکان و قاچاخچیەکانەوە و بەشێکیان دەبنە چەکداری دەسەڵات بۆ مووچەیەکی بچووک و بەشێکیش دەبنە لەشفرۆش بە تایبەتی ژنان. تەنانەت بەشێک منداڵی خۆیان یا ئەندامی جەستەی خۆیان دەفرۆشن. هەموو ئەمانە سەرچاوەکەی سیستەمی ئابوری قازانج پەرستانەی سەرمایەی و بازرگانانی چاوتێر نەبووی سەر بەدەسەڵاتی مافیایی کوردستانن. بۆ لەبەین بردنی لەشفرۆشی و بازرگانی سیکسی پێش لەهەموو شتێک دەبێت زەمینەو هۆکارەکانی وشک بکرێت. تا سیستەمی سیاسی نەگۆڕدرێ بەسیستەمێک کە بەرژەوەندی سەرجەم کۆمەڵگە بپارێزی و ژیان و گوزەران و ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی مسۆگەر بکات، ئەم دیاردانە دەمێنن و لەناو ناچن .

دیاردەی لەشفرۆشی بەپەروەردەی ئەخلاقی یان بەدەستگیرکردنی چەند کەسێک لەناو ناچێت. دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کە نوێنەری چینی بۆرژوازی کوردە و خۆی سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم دیاردانەیە، توانای لەبەین بردنی ئەم دیاردەی نییە. بەپێی سەرچاوە میدیاییەکانیش بەرپرسانی باڵای حزبی لە پشت کاری لەشفرۆشی یانەکانی شەوان و باندەکانی بازرگانی سیکسیەوەن. هەروەها بە پەروەردەی ئەخلاقی وەک ئەوەی ئایینەکان باسی دەکەن، دیاردەی لەشفرۆشی کۆتایی نایەت، هەزاران ساڵە ئایینەکان و پیاوانی ئاینی باسی پەروەردەی ئەخلاقی دەکەن، لە کاتێکدا بەپێی سەرچاوە شەرعیەکانی خۆیان، خودی ئایینەکان بوونەتە هۆکارێک بۆ لەشفرۆشی شەرعی. شیربایی و مارەیی و سیغە، گەورە بەبچووک، حەڵاڵکردنی چوار ژن بۆ پیاوێک، تادەگات بەوەی کەدەڵێن فەقیر و دەوڵەمەند هەر هەربووە خوا رسق دەدات و بەشی عەبدەکانی دیاری دەکات....تاد، باشترین بەڵگەی ئەو راستیەن کە دینەکان نەک دژی کاری بازرگانی و سیکس فرۆشی نین، بەڵکو خۆیان هەڵگری فایلێکن، کە رەوایەتی بە لەشفرۆشی و بازرگانی سیکسی، ڕەوایەتی بە جیاکاری و جیاوازی ئابوری لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا دەدات. بەکورتی خۆشیان هۆکاربوون بۆ بەردەوامیدان و زیاتر بوونی ئەم دیاردەیە، چونکە سەرجەم ئایینەکان پشت و پەنای ئەوسیستەمە ئابوریەن کە سەرچاوەی ئەم دیاردەیەیە، و پاساو بۆ سەرمایەداری دەهێننەوە و بوونی هەژاری بە کارێکی ئیلاهی دەزانن. وە دەڵێن هەژاری و دەوڵەمەندی بەدەست خواکانیانە مرۆڤ هییچی لەدەست نییە، بەبێ قودرەتی ئیلاهیەکان هیچ کەس دەوڵەمەند و هەژار نابێت.

بەپێچەوانەی فریوکاری پیاوانی ئاینی و بانگەشەکانیان، دیاردەی لەشفرۆشی لەو وڵاتانەی ئیسلامین و سەرچاوەی یاساو ریساکانیان ئیسلامییە، زۆر زیاترە بە بەراورد بەو وڵاتانەی کە تاڕادەیەکی زۆر دین پەراوێز خراوەو کراوەتە کاری شەخسی و تایبەتی.

خەباتی چالاکانە لە دژی لەشفرۆشی و بازرگانی سێکس لە ڕێگەی لەناوبردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان و ڕوبەڕوبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ تۆڕەکانی سازدانی لەشفرۆشی، بازرگانانی سێکس، دەڵاڵ و باجخۆرەکان و قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای هەرجۆرە بازرگانیەک بە کاری لەشفرۆشییەوە مەیسەر دەبێت، نەک داخستنی چەند یانەو بنکەیەکی ئاشکرا و دەستگیرکردنی چەند کەسێکی موچەخۆری ئەو بوارە.

**خەباتی چالاکانە لە دژی لەشفرۆشی و بازرگانی سێکس لە ڕێگەی لەناوبردنی زەمینە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانیەوە و ڕوبەڕوبوونەوەی لێبڕاوانە لەگەڵ تۆڕەکانی سازدانی لەشفرۆشی، بازرگانانی سێکس، دەڵاڵ و باجخۆرەکان... فەراهەم دەبێت!**



# عوسمان محەممەد: بەرچاو ڕۆشنی سیاسی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین یەکێکە لەو چەکە گرنگ و کارایانەی کە ئەبێ ڕابەرانی شۆڕش و ڕاپەڕین بەدەستیەوە بگرن....

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز عوسمان محمد کەریم چاودێری سیاسی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت لە عێراق...

**بۆپێشەوە: جموجوڵەکان بۆ پێکهێنانی حوکمەتی نوێی عێراق بەردەوامە...تاچەند لاتان وایە ئەم حکومەتە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی پێک بێت؟**

**عوسمان محەمەد کەریم:** حوکمەتی عێراق بەهیچ جۆرێک ناتوانێت سەربەخۆ بێ، چونکە ئەم دەسەڵاتە نە بەخرۆشانی جەماوەری و نە بەراپەڕین و شۆڕش هاتوونەتە سەر دەسەڵاتی سیاسی. ڕوخانی حوکمەتی زۆرینە دووڵایەنی سیاسی هەیە، یەکەم: ئەوەیە کەرای خەڵک بگۆڕێ و کەمێک لە دڕایەتیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی کامکاتەوە و بە خەڵکی بڵێ ئەوا ئێمە سیستەمێکی تازمان هێناوە، ئەتوانێ خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی عێراق بهێنێت. دووەم: ئەوەیە موقتەدا سەدرو بزووتنەوەکەی وەک ڕابەری گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی سەیر بکرێت لەلایەن خەڵکی عێراقەوە. زۆرینەی خەڵک نەفرەت لەم دەسەڵاتە ئەکات و ئەو ڕۆژە بەجەژن لەقەڵەم ئەدات کە ئەم دەسەڵاتە لەگۆڕنێت. بەڵام ئەوەی کە بۆچی ئەم هەموو بێزاریە هەیەو ئەم دەسەڵاتە وەکو خۆی ماوەتەوە ئەوە ناڕێکخراوبوونی خەڵکە، ئەگەر خەڵک ڕێکخراوبێ و بە یەک دەنگ و یەک دەست کاربکات، ئەوە ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە کاری شەو و ڕۆژێکە. دەسەڵاتی سەرمایەو پەیوەندیە ئابووری

**هەرچی نەهامەتی هەیە بەسەر تاکی عێراقیدا هاتووە، سەختی ژیان و بێزاری خەڵک گەیشتۆتە ئەوەی کە خۆزگە بە دەسەڵاتی درندەی بەعس ئەخوازن...**

ڕژێمی بەعس و صدام بەهەڵمەتێکی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانی ڕوخا، و هەرئەوکاتە بریمەریان وەک سەرۆکی مەجلیسی حوکم داناو هەرچی ئەحزابی کۆنەپەرست هەبوو لەعێراق سەریان لە کونەکانی خۆیان دەرهێناو بەشداریان کرد لە مەجلیسی حوکم. ئەمریکا یاریکەری سەرەکی بوو لە مەیدانی سیاسی عێراق، تا ئێستاش دەورو کاریگەری هەیە، و ئێرانیش یاریکەری دووەم، ململانێکان لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا بە توندی درێژەی هەیە. ئێستاش هەرچی ئەحزابی سیاسی هەیە لە عێراق دابەشبوونە بەسەر ئەمریکا، و دەسەڵاتی ئیسلامی ئێراندا، ئیتر شتێک نەماوە بەناوی سەربەخۆیی سیاسی و دەسەڵات لە عێراقدا.

**بۆپێشەوە: ئایا لە هەلومەرجی ئێستای عێراقدا، پێکهێنانی حوکمەتی زۆرینە لەجێگای حکومەتی تەوافوق کێشە دروست ناکات؟**

**عوسمان محەمەد کەریم:** هەژدە ساڵە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا بەشێوەی تەوافق درێژەی هەیە، ئەم سیستەمە سیاسییە چەندین ساڵە کۆمەڵگەی عێراقی لەڕووی سەقافی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بردۆتە دواوە. هەرچی نەهامەتی هەیە بەسەر تاکی عێراقیدا هاتووە، سەختی ژیان و بێزاری خەڵک گەیشتۆتە ئەوەی کە خۆزگە بە دەسەڵاتی درندەی بەعس ئەخوازن، برسێتی و بێکاری و بێخانەولانەیی تاکی عێراقی تا دێت زیاتر ئەبێت سەرانی ئەحزابی سیاسیش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەیان کارگە و کارخانەو تەلاریان لەسەر حسابی خەڵکی عێراق لەسەر یەک کەڵەکە کردووە، گۆڕینی شکل و شێوەی دەسەڵات لەعێراقدا کارێکی فریوودەرانەیە بۆ هێمن کردنەوەی بێزاری خەڵک، چونکە ناڕەزایەتییەکان تا دێت زیاتر ئەبێ، ترسی ئەوەیان هەیە ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورەتر دەسەڵاتی سیاسی ژێرەو ژوور بکات.

**بۆ پێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی)لە حوکمەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبێت؟**

**عوسمان محەمەد کەریم:** یەکێتی و پارتی هیچ کاتێک بەدوای جێگەو ڕێگەی سیاسیەوە نەبونە تا ئەوەی بتوانن لە ڕێگەی ئەم جێگەو پایە سیاسیانەوە دەسکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان بهێنن، هەمیشە دەستکەوتی ماددی لای ئەوان کاری لە پێشینە بووە، هەر پۆستێکیشیان لە حوکومەتی عێراق وەرگرتبێ هەموو خەباتیان ئەوەبووە کە چۆن و بەچ شێوەیەک بتوانن دزی و تاڵانی بۆخۆیان و حزبەکانیان فەراهەم بکەن، ئەوەی ئەهمیەتە نەبێ خەمخواردنیان بووە بۆ خەڵکی کوردستان و حاڵ و گوزەرانی ئەوان. یەکێتی و پارتی هەموو دەورەکانی هەڵبژاردن ناکۆکیەکانیان گەیشتۆتە لووتکە لەسەر ئەو پۆستانەی کە ئیستیحقاقی کورد بووە، بەڵام بۆ یەکجاریش کەس نەیبینیووە لەسەر مەسەلەیەکی کە گرنگ بۆ خەڵکی کوردستان هەبووبێ ململانێی تووندیان نەبووە، هیچ کاتێک لەپێناوی بەرژەوەندی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان نە لەبەینی خۆیاندا ململانێیان هەبووە و نە لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی عێراق کەوتوونەتە ململانێوە، بەڵام لەسەر پۆستێکی وەزاری کە ئیمکاناتی ماددی زۆریان بۆ ئەهێنێ دەیان شەڕو ناکۆکیان دروستکردووە.

**بۆپێشەوە: دزی و تاڵانی و سەرکوت و زەوتکردنی سەرەتاترین ماف و ئازادییەکان، تایبەتمەندی حزبە دەسەڵاتە بەدەستەکانە لەسەرتاسەری عێراق و کوردستاندا، خەڵکی عێراق و کوردستان چۆن دەتوانن لەدەست ئەم دەسەڵاتە ڕزگاریان ببێ؟**

**عوسمان محەمەد کەریم:** کاسەی تووڕەیی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەمێکە لێی ئەڕژێ، هەندێ دەستەو دائیرەی خۆیان نەبی کە موستەفیدن لەدەسەڵات ئێتر سیاسیەکانی زاڵە بەسەر چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەدا، چاوچنۆکی سەرمایەو هەڵپەکردن بۆ قازانجی زیاتر لەڕێگەی چەوسانەوەی هێزی کارەوە ستراتیژی سیستەمی ئابووری سەرمایەیە، ناکۆکی کارو سەرمایە ململانێیەکی بەردەوام و ڕۆژانەیە، لەهەر وڵاتێک نارەزایەتی خەڵک بەردەوام بوو ئەوا نیزامی سەرمایەداری لە پاشەکشەدایە لەهەر وڵاتێکیش کە بزووتنەوەی نارەزایەتیەکانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش خامۆش بوو ئەوا سەرمایەداران بە کەیفی خۆیان پێ لەسەر چەوساندنەوە دائەگرن، هەلومەرجی خەڵک ئەگاتە شوێنێ کە ئینسانە چەوساوەکان تاکو لێواری مردن بەرن، تاکە چەکی کارای کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لەهەموو گۆی زەویدا نارەزاییەتی و ڕێکخرابوونە، تەنانەت ئەگەر نارەزایەتیەکان بگەنە لووتکەش بەبێ بوونی ڕێکخراوێکی پتەو ناتوانێت بە جێگەیەکی دڵخواز بگات و دەسەڵاتی سەرمایە ژێرەو ژوور بکات.

**بۆپێشەوە: درەنگ یان زوو خەڵکی عێراق و کوردستان دەست دەبەن بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش لە گرەوی چیدایە؟**

**عوسمان محەمەد کەریم:** سەرکەوتنی شۆڕش لە گرەوی ڕێکخراوبووندایە؛ ئەگەر کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە پەی بەوە بەرن کە ڕێکخراوبوون چەندە دەوری کاریگەری هەیە بۆ ڕزگاری ئەوان لەدەستی ئەم نیزامە گەندەڵ و درندەیە، ئەوا لە نیوەی چەوساندنەوەکەیان ڕزگاریان دەبێ. بەرچاو ڕۆشنی سیاسی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین یەکێکە لەو چەکە گرنگ و کارایانەی کە ئەبێ ڕابەرانی ئەو ڕاپەرینە بەدەستیەوە بگرن.
زۆرجار ئەبینی ڕاپەڕین و شۆڕش لە وڵاتەکاندا دەست پێئەکات و ڕژێمی درندەش ئەڕوخێن، بەڵام دەسەڵات ئەکەوێتە دەست بەشێکی تری بورژوازی و ئەوەش بەچەند ڕیفۆرمی نارەزاییەتیەکان کپ ئەکاتەوە و سواری شەپۆلەکە ئەبێت و هەمان نەزم و نیزامی سیستەمە کۆنەکە دووبارە ئەکاتەوە. نموونەش بۆ ڕاستی و دروستی ئەم مەسەلەیەش جمهووری ئیسلامی ئێرانە کە شۆڕش دەستپێکرد زوربەی خەڵکی ئێران ڕاپەڕین و دەسەڵاتی سەرمایەی شای ئێرانیان ژێرە و ژوور کرد، بەڵام خۆشخەیاڵی چەپ ئەم شۆڕشەی لەباربرد، بەوەی کە پێیوابوو خومەینی ڕابەری ڕزگاری خەڵکەو بەهەموو توانایانەوە چوونە پشتی، ئەویش دوای چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی کەوتە گرتن و لەسێدارەدانی ڕابەرەکانیان.
بەهاری عەرەبی ڕاپەرینی خەڵکی وڵاتە عەرەبیەکان توانی دەسەڵاتی درندەی زەینەل عابدین بن علی لە وڵاتی تونس ژێرەو ژوور بکات، بەڵام نارۆشنی سیاسی ڕابەرانی ڕاپەرینەکە وایکرد کە شۆڕش و دەسەڵات لەدەستی خەڵک دەرچێ، ئەمە بۆ میسر و لیبیاش هەروایە خۆشخەیاڵی ڕابەرانی ڕاپەرینەکە بە هەندێ لە ئەحزابی سیاسی عەناسرانی بەناوبانگ کە لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا بونە شۆڕشەکانی لەباربرد، بەکورتی بڵێین سەرکەوتنی شۆڕش لەگرەوی ئەم دوو خاڵەدایە: یەکەم: ڕێکخراوبوونی خەڵک لە ڕێکخراوێکی پان و بەریندا کە بتوانێت یەکریزی و یەکدەنگی خەڵکی نارازی ڕێکبخات و ڕابەرایەتی بکات. دووەم: بەرچاو ڕۆشنی ڕابەرانی ڕاپەرینەکە بە پرۆسەی سەرکەوتنی شۆڕش خۆتەیارکردنی ڕابەرانی شۆڕش بە تیۆری شۆڕشگێرانە کە بتوانێ دەسەڵاتی خەڵک بسەپێنێ ئەمەیە ئەبێتە زامنی سەرکەوتنی شۆڕش.

**بۆپێشەوە: ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی ئێستا چ سیستەمێکە؟ بەواتایەکی تر دەبێ چ سیستەمێکی سیاسی جێگەی دەسەڵاتی ئێستا بگرێتەوە؟**

عوسمان محمد کریم: ئێمەی کۆمەنیستەکان ئەڵتەرنایڤمان لە ئێستادا بۆ هەلومەرجی کوردستان سیستەمی شوراییە، شۆڕشی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش ئەبێ لە شوراکانی خۆیاندا ڕێکخراوبن و پرۆسەی شۆڕش بەئەنجام بگەیەنن. سەرباری ئەم ئەنتەرناتیڤە ئێمە پێشوازی لە هەر جۆرێکی تری دەسەڵات دەکەین کە دەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بێت لە شێوەی ئەنجومەن یا هەرجۆرە ڕێکخراوبوونێک کە گونجاوە. بەڵام لە کاتێکا کە کرێکاران بەرچاو ڕۆشنی سیاسی و ئاستی ڕێکخراوبوونیان نزمە، ئێمە داوای شورای خەڵک ئەکەین کە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕێکخراو بکرێ و ئامادە بکرێن بۆ شۆڕش.



# ئەکرەم عەبدوڵا: کۆمەڵگەی عێراق لەدوای 20 ساڵ لەبینینی دەسەڵاتی شیعە مەزهەب و حیزبە سیاسیەکانی تری، ئێستا گرنگیەکی ئەوتۆ بە پێکهێنانی حکومەت نادەن...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئەکرەم عەبدوڵا کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەت لە عێراق...

**بۆپێشەوە: ناو ماڵی "شیعەکان" لێکترازاوە، ئەم لێکترازانە چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟**

**ئەکرەم عەبدوڵا:** لەدوای ڕوخانی حیزبی بەعس لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیەوە لە سالی 2003 دا، حکومەتی عێراقیان لەسەر بنەمای ناسنامەی قەومی و دینی و عیرقی دروست کرد، لەو ناوەشدا بەشی شیعە مەزهەب کەبەشی زۆری پەرلەمانیان بەدەست هێنا بوونە زۆرینەو دەوڵەتیان دروست کرد.

ئەو دەوڵەتەی کە لەعێراق پێکهات سەر بە ئێران بوو، یان ئەتوانین بڵێین بە فعلی ئێران لە عێراقدا بالادەست و بریار بەدەست بوو، ئەمەش نیگەرانی بۆ ئەمەریکا دروست کرد، هەر بۆیە لەوڕۆژەوە ئەمەریکا لەهەولی ئەوەدایە کە ئەم بالادەستیەی ئێران لەناو عێراقدا کەم بکاتەوە، لێکترازانی شیعەکان لەم راستایەدایە، هەر ئەمەشە وای کردووە پێکهێنانی حکومەت تا ئەم ساتەوەختە دوا بکەوێت و لایەنەکان نەتوانن بگەنە ریکەوتنێک کە خوازیاری هەموویان بێت.

سەرەنجام ئەمانە هەموویان سەر بە یەک خێزانن ئەگەر جیاوازیەکیشیان هەبێت رەنگە کەمێک لێرەو لەوێ لە قسەو گفتیاندا بەدی بکرێت، بەڵام بە کردەوە هەموویان یەک شت ئەکەن.

کۆمەڵگەی عێراق لەدوای 20 ساڵ لەبینینی دەسەلاتی شیعە مەزهەب و حیزبە سیاسیەکانی تری، ئێستا گرنگیەکی ئەوتۆ بە پێکهێنانی حکومەت نادەن، چونکە چاوەرێیەکی ئەوتۆیان لێی نییە بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان.

بەهۆی بوونی زۆری میلیشیای سەر بە ئێران لە عێراقدا، ئێران ئەتوانێت گرفتی گەورە بۆ حکومەتی عێراق دروست بکات ئەگەر بەرژەوەندیەکانی ئەو لەبەرچاو نەگرن، ئێستا ئەمەریکا بەوهێزەی جارانی لەعێراقدا بونی نییە بۆیە ئاسان نییە بتوانن لایەنەکانی سەربە ئێران فەرامۆش بکەن.

**بۆپێشەوە: لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران پاشەکشەیان کرد، و باس لەوە دەکرێت ئەو لایەنانە دەبنە ئۆپۆزیسیۆن، ئایا ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر حکومەتی داهاتوو، و شەقامی عێراقی دەبێت؟**

**ئەکرەم عەبدوڵا:** حکومەت لە عێراقدا لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دروست ناکرێت، بەلکو تەوافقاتی نێوان حیزبە سەرەکیەکانی بەشداربووە لە هەڵبژاردنەکاندا، بە واتایەکی تر هەلبژاردن تەنها رووی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیە لە عێراقدا ئەگەر نا رووە راستەقینەکەی بوونی تەوازنی هێزە لەنێوان لایەنە رکەبەرەکاندا.

ئۆپۆزیسیۆنی بەشێک لە لایەنە شیعەکان هیچ پەیوەندیەکی بە شەقامی عێراقیەوە نییە، چونکە حیزبە ئیسلامیەکان بەدوای بەرژەوەندیەکەوەن کە جیاوازیەکی ئیجگار زۆری هەیە لەگەڵ بەرژەوەندی خەلک و شەقامی عێراق.

شەقامی عێراقی سالانێکی زۆرە بە خۆپیشاندانەکانی گۆرەپانی تەحریر و شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق سەلماندیان کە ئەوەی ئەوان بەشوێنیەوەن زۆر جیاوازترە لەوەی کە حکومەتی عیراق و حیزبەکانی بەشدار بوو لە پرۆسەی سیاسی هەولی بەئەنجام گەیاندنی ئەدەن، بە عەمەلیش لەماوەی 20 سالی رابردوودا بینومانە کە دەولەت و حیزبەکانی ئەو کۆمەلگەیە بوونەتە خاوەن سەرمایەیەکی بێ شومارو لەولاشەوە خەلکی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق بەدەست کەمترین و سەرەتایترین مافەکانیەوە گیرۆدەو بێ بەشن.

نیگەرانی ئەوانە بۆ ئەوە نییە کە ئەمان زیاتر خزمەت بە کۆمەڵگەی عێراق ئەگەیەنن و پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیان لە ئاو و کارەبا و شوێنی نیشتەجێبوون و قوتابخانەیان ...هتد بۆدابین ئەکەن، بەڵکو لەو روانگەوەیە کە ئەمان کەمتر لە ئیستیحقاقاتی خۆیان کە جاران هەیان بوو نیگەرانن.

هەلبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق، هەموو حیزبەکانی عێراق و کوردستانی توشی شۆک کردووە، بۆیە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیانتوانیوە حکومەتی خۆیان پێک بهێنن.

هەروەک لە راگەیاندنەکانی خۆیاندا هاتبوو لە 19٪ خەلکی عێراق بەشدار بووە لە هەلبژاردنەکاندا، بەشێکیش لەمانە بە (نا) پسولەی هەلبژاردنەکانیان خستۆتە ناو صندوقەکانی دەنگدانەوە، بۆیە ئەگەر بە پێوەری باوی دیموکراسی خۆشیان بێت ئەبوایە ئەمانە نەتوانن یان بۆیان نەبوایە حکومەت پێک بهێنن، چونکە بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە بەشداری هەڵبژاردنەکانیشی نەکردو بایکۆت بووە سیمای ئاشکرای ئەو کۆمەڵگایە.

لێکدانەوەکان ئەوە نیشان ئەدەن کە سەرەنجام ئەمانە حکومەتی خۆیان پێک ئەهێنن، خەڵک دەنگیان پێ بدات یان دەنگیان پێ نەدا، یاخود بلێین ئەگەر لە 1٪ خەلکیش بچن بۆ دەنگدان، بەلام جیاوازیەکەی ئەمجارە ئەوەیە کە ئەمانە ئیتر ناتوانن ئیدیعای ئەوە بکەن کە نوێنەری بەشی هەرەزۆری خەلکی عێراق و کوردستانن، دەلیلەکەشی ئەوەیە لە عێراقدا هیچ کام لە لایەنەکان خۆشیان ئیعتیراف بە هەڵبژاردنەکان ناکەن، بەلکو ئەوەی کە بەکاری ئەهێنن بونی هێزی میلیشیاو ئەو سەروەت و سامانەیەکە لە داهاتی عێراق دەستیان بەسەردا گرتووە.

**بۆپێشەوە: موقتەدا سەدر پێداگری لەسەر پێکهێنانی حکومەتی زوربە دەکات و دەیەوێت کۆتایی بە حکومەتی تەوافوقی بهێنێت، چۆن دەڕواننە ئەو پێداگرییەی موقتەدا سەدر؟**

**ئەکرەم عەبدوڵا:** ئەگەر لەبیرمان بێت لەسالی 1979 ز کاتێک کە خومەینی گەرایەوە بۆ ئێران و دەسەڵاتیان گرتە دەست، شیعاری (لا شرقیە و لا غربیە) یان بەرزکردوە ئەوە زۆر تر بۆ ئەوەبوو کە سەرنجی خەلکی ئێران بۆلای خۆی رابکێشێت و بیانخاتە ژێر رێکێفی خۆیەوە تا بتوانێت خەلک هان بدات بۆ پارێزگاری لەو دەسەلاتەی کە قەرارە دایبمەزرێنیت و رزگاری بکات لەهەر ئەزمەیەک و فشارێکی خارجی بۆی دێتە پێش، بەڵام زۆر زوو دیتمان چۆن دەستەودامێنی دنیای غەرب بوون بۆ دانپیان و بەفەرمی ناسینی دەسەڵاتیان، یان بینیمان چۆن شەرقیان کردە مەیدانی ناردنی شۆرش و دەستێوەردان لە رێگای گروپ و لایەنەکانی سەربەخۆیاندا. ئەمەی موقتەدا سەردیش رەنگە بەروالەت وا نیشان بدات کە ئەو جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەل بەشە شیعەکانی تر، کە گوایە ئەم سەر بە ئێران نییە، بەڵکو سەربەخۆ هەڵسوکەوت ئەکات، بەلام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەیانەوێت حکومەتی شیعە مەزهەب کە هەزارەها سالە خەونی پێوە ئەبینن لە عێراقدا لەو ئەزمەگرتوویە رزگار بکەن کە سالانێکە تیی کەوتووە و رووبەرووی نارەزایەتی و نەفرەتیکی زۆر بۆتەوە لە عێراقدا، وە ناشتوانێت وەلام بە هیچ داخوازیەکی کۆمەڵگەی عێراق بداتەوەو رووی نەگریس و ناشیرینی خۆیان و دەسەلاتەکەیان لەبەرچاوی خەلکی عێراق بسرێتەوە.

**بۆپێشەوە: جێگەو ڕێگەی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانی کوردستان بەتایبەت (پارتی و یەکێتی) لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا چۆن دەبینن؟**

**ئەکرەم عەبدوڵا:** حیزبە کوردستانیەکان لە بەغداد بریار بەدەست نین و ناشتوانن ئاڵوگۆری جدی و بنەرەتی لە بریارە سیادیەکان ببینن، بەڵکو ئەمان زیاتر موچەخۆی دەوڵەتن و هەر لایەنەو هەول ئەدات سەروەت و سامانی زیاتر بۆ خۆی حیزبەکەی کێش بکات هەروەک لە دەورەکانی پێشوتریشدا بینیمان.

خالێکی تر ئەوەیە کە لەدوای 16 ئۆکتۆبەرەوە زۆر شت گۆراوە و کەرکوک لە ژێر دەسەلاتی یەکێتی وپارتی نەما، بەنەخشە دارێژەری هەر ئەو قاسم سولەیمانییەی کە پارتی.. ویەکیتی فرمێسکی بۆ ئەرێژن لەسالیادی تیرۆرکردنیدا رادەستی حەشدی شەعبی شیعەکان کرا.

لەنێوان پارتی ویەکیتیشدا پارتی زیاتر باڵادەستە بەهۆی ئەوەی لە کوردستان لە هەڵبژاردندا زیاتر لە یەکێتی وحیزبەکانی تریش دەنگی بەدەست هێناوە، بۆیە رەنگە ئەمجارە فشاری زیاتر

> بۆ گۆرینی هەر دەسەلاتێك پێش ئەوەی بیر لە گۆرینی بکرێتەوە ئەبێت بیر لە جێگرەوەکەی بکرێتەوە ئەگەر نا هەمان سیناریۆی پێشتر بەشێوەیەکی تر دووبارە ئەبێتەوە

بخاتە سەر یەکیتی بۆ سەپاندنی مەرامی خۆی، لەبەر ئەوەی کە پێش 16 ئۆکتۆبەر یەکێتی زیاتر لە کەرکوک بالادەست بوو، ئێستا دوای ئەو کارەساتە یەکێتی ئەو بالادەستەی نەماوە لەوێ و ئەوەش کارئەکاتە سەر بالانسی هێزەکەی.

**بۆپێشەوە: خەڵکی عێراق و کوردستان لە هەلومەرجێکی سەخت و ناخۆشدان، خواستی نان و کار و خزمەتگوزارییەکان، خواستی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی عێراقە... تا چەندە لاتان وایە حکومەتی داهاتوو دەتوانێت وەڵام بەو خواستە سەرەتاییانەی هاوڵاتیان بداتەوە؟**

**ئەکرەم عەبدوڵا:** سەرەتا ئەمەوێت ئەوە بلێم کە دروست بوونی حکومەتی عێراق لەلایەن خەلکی عێراق وکوردستانەوە نەبووەتە قسەو باسی رۆژانە تا بە پەرۆشەوە چاوەرێی گوێ بیستی هەواڵەکە بن، نەک هەرئەوە، بەڵکو دوای چەند مانگ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، خەلک هەر بەقەد ئەوە بۆی گرنگە کە چەندە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردو و بایکۆتیان کرد.

تەجروبەی 20 سالی دەسەلاتی حیزبە ئیسلامیە شیعەکان و 30 سال دەسەلاتی حیزبە کوردیەکان لە کوردستان نیشانیدا کە نەک ناتوانن خواستەکانی خەلکی عێراق و کوردستان فەراهەم، بەڵکو خۆیان بوونە بەشێکی بنەرەتی لەمپەر لە بەردەم بەدەستهێنانی داخوازیەکانیان، ئەمەش وای کردووە کە کەمتر بەدەم بانگەوازی هەڵبژاردنەوە بچن و لە شارەکانی کوردستان و ناوەراست و خواروی عێراق خەلک برژێنە سەر شەقامەکان بۆ دابینکردنی داخوازیەکانیان.

عێراق خاوەنی گەورەترین سەرچاوەی نەوتییە، بەلام خەلکەکەی بەیەکێک لە هەژارترین ولاتی دونیا هەژمار ئەکرێت. حیزبە ئیسلامیەکانی عێراق و کوردیەکانی کوردستان سەلماندیان کە نەک ناتوانن کۆمەڵگە بەرێوەببەن، بەڵکو خۆشیان ئەهلی ئەوەنین چارەنوسی کۆمەڵگەیان بدرێتە دەست.

ئەم حکومەتە حکومەتی هەمان نەهج و میتۆدێکە کە ساڵەهایە کۆمەڵگەی پێ بەرێوە ئەچێت، نەک ناتوانێت وەلام بەخواستە سەرەتاییەکانی خەلکی عێراق و کوردستان بداتەوە، بەڵکو چینی هەژار و کەم دەرامەت و نەبوونی هەتا دێت بەرەو زیاتر ئەروات و سەرمایەدارانیش زیاترو زیاتر کەلەکەی سەرمایەکەیان ئەکەن، ئەمەش ئەو قڵشتە چینایەتیەیە کە تادێت لەکۆمەڵگەی عێراق و کوردستان پەرە ئەسێنێت.

**بۆپێشەوە: زوربەی خەڵکی عێراق و کوردستان بروایان بە حزب و لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان نەک نەماوە، بەڵکو لێیان بێزارن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ڕاماڵینیان، چۆن دەکرێت کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو حزبانە بهێندرێت؟**

**ئەکرەم عەبدوڵا:** خەڵکی ناوەراست و خواروی عێراق هیچ متمانەیەکیان بە حیزبە ئیسلامیەکان نەماوەو بەهەمان شێوەش لە کوردستان پارتی و یەکێتی و حیزبە هاوپەیمانەکانیان متمانەیان لەدەست داوە.

لەناو شاری نەجەف کە ناوجەرگەی پیاوە دینیەکانی شیعە مەزهەبە، خەلکانێک بەئاشکرا لەناو سۆشیال میدیاو تۆرەکۆمەلایەتیەکان هاوار ئەکەن و داوای دوورخستنەوەی دین ئەکەن لە دەسەلات و نەفرەت ئەنێرن بۆ پیاوانی حەوزە دینیەکانی شیعە مەزهەب و حیزبەکانیان کە ئەمە پێشتر کەمتر رویداوە.

ئەم دەسەڵاتەی کە لە عێراق و کوردستاندا بوونی هەیە هیچ ریفۆرمێک هەڵناگرێت و ناشتوانێت قبوڵی بکات، چونکە هەر ریفۆرمیک ئەم دەسەلاتە دەستی بۆ بەرێت ئەبێتە هۆی دارمانی خۆی، بۆیە تاقە رێگایەک کە مابێتەوە رێگەی ڕامالینی ئەم دەسەلاتەیە و گۆرینی بەدەسەلاتێکی تر کە بەرژەوەندی خەلکی عێراق لەبەرچاو بگرێت.

بۆ گۆرینی هەر دەسەلاتێک پێش ئەوەی بیر لە گۆرینی بکرێتەوە ئەبێت بیر لە جێگرەوەکەی بکرێتەوە ئەگەر نا هەمان سیناریۆی پێشتر بەشێوەیەکی تر دووبارە ئەبێتەوە.

خەڵکی عێراق و کوردستان نارازین و کەم رۆژ هەیە خەڵک خۆپیشاندان نەکات دژ بە دەسەڵاتەکانیان، بەڵام ئاسۆیەک کە بەسەر ئەم نارەزایەتیانەدا زاڵە ناتوانیت ببێتە هەوێنی ئاڵوگۆرێکی ریشەیی لە کۆمەڵگەدا.

مێژوو سەلماندوویەتی کە هیچ خۆپیشاندان و شۆرشێک بۆ ئاڵوگۆر بە بێ رێکخراوبوون ناگات بە ئەنجامەکانی خۆی. حیزبە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەکانی عێراق و کوردستان ئەلگۆی خۆ رێکخسنی سەرمایەدارو خاوەن کۆمپانیاکانن بۆ دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە، بۆیە بەشی هەژارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە کە کرێکارو زەحمەتکێشی ئەو کۆمەڵگەیەن ئەوانیش ئەبێت ئاسۆی سیاسی خۆیان لەگەڵ ئەوان جیا بکەنەوە و خۆیان لەحیزب و ئۆرگانەکانیدا رێک بخەن ئەگەر نا چارەنوسیان هەر بەدەست ئەوانەوە ئەبێت کە ئێستا بەدەستیانەوە ناڵاندویانە.

## درێژەی دوا وتە

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەو ستایشە راستگۆیانەیان لەبارەی قاسم سولەیمانییەوە، جارێکی گریانی تاڵەبانیان لەسەر گۆڕی خومەینی جەلادی شۆرشی ئیران و ئازادیخوازی، خستەوە ڕوو. ستایشی سەدام حسێنی چنگ بەخوێنی خەڵکی عێراقیان لەلایەن سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە نیشاندایەوە کە دەیان وت سەدام حسێن دوژمن نییە، ئەندازیارە. جارێکی ستایشی پەیرەوانی ئەتاتورک و تورکۆت ئۆزالیان نمایش کردەوە کە سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە وەسفیدا، بێ رکەبار بوون.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی ئێستا و ئەوانەیان لە مەراسیمی دووساڵەی کوشتنی قاسمیدا، ستایشی سەرە جەلادی ئازادی و ئینسان و ئازادیخوازیان کرد، نیشانیاندایەوە رۆڵەی بەوەفای سەرانی پلەیەکی بزوتنەوەی کوردایەتین کە سەرانی دەوڵەتانی فاشیستی ناوچەکەیان لە خومەینیەوە بۆ سەدام حسێن و تورکۆت ئۆزال بەدۆست و پشت و پەنای خەڵکی زوڵملێکراوی ناوچەکە و کاراکتەری ئاشتی دەزانی و خەڵکی کوردستانیشیان بە درندەیی ئەوان دەترساند.

ستایشی قاسمی سولەیمانی تیرۆریست، و سەرانی تری چنگ بەخوێنی دەوڵەتەکانی تر، نیشانەیە بۆ ستایشی ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتە ئینسان کوژانەو سەرانییان، و بەڵگەی ئاشکرای ناتەبایی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتییە بەهەموو بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازانەو ئینسان دۆستانە. خەڵکی ئێران و ناوچەکە کە باش کارنامەی قاسم سلێمانیەکان دەزانن، ئاواش لە پەیامی ستایش ئامێزی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ جەلادی ئازادیخوازی بە ئاگان.

ئامانج لە ستایشی قاسم سلێمانیەکان، بۆ سەرانی بزوتنەوەی کورایەتی لە زۆنی سەوز، نوێکردنەوەی پەیمانی وەفادارییە بۆ ئیران و پێداگرییە لەسەر درێژەدانیان بۆ عادەت پیشەییان. وە هاوکات بەڵێندانە بە روبەرووبونەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری لە ئیراندا لەپاڵ ئاخوندو سوپاو بەسیجیەکاندا.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران زۆرتر ستایشی قاسم سلێمانیان کرد، تا لە رێگای ئەو ستایشەوە، سۆزو رەحمی ئاخوندەکانی ئیران بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان لەدەست تورەیی جەماوەری کوردستان بپارێزن.

مانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەو دژە ئازادی بۆرژوازی کورد، بەجیا لە هێزی میلیشیایی و دەست بەسەراگرتنی داهات و قوتی هاوڵاتیان، بەندە بە خۆبەستنەوە بە جەمسەر و وڵاتانی ناوچەکەوە... یەکێتی بە ئێران و پارتی بە تورکیاوە. ئێران و تورکیاش چاویان لە پاداشتی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییە کە بەسەنگەرگرتن لە ئازادی و ئازادیخوازی، بە وەستانەوە بەرووی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لەوەش واوەتر بە چاوساغیان بۆ شوێن هەڵگرتنی کادر و چالاکوانانیان و تیرۆرکردنیان.

لیستی سەدان کادر و هەڵسوڕاوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و تورکی، بەبێ چاوساغی و نۆکەر پیشەیی سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی نەکراوە. درۆنەکان لە قوڵایی کوردستاندا بە چاوساغی و هاوکاری سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەزگای هەواڵگرییەکانیان، رابەران و کادرانی ئۆپۆزیسیۆن دەکەنە نیشانە.

سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی تەنها بەوەوە ناوەستن و لەوە دەچێت وڵاتانی ناوچەکەش تەنها بە نۆکەرپیشەیی و چاوساغیان بۆ روبەڕووبونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن رازی نەبن، بۆیە ستایشیان ئەوێت بۆ جەلادەکانیشیان... بۆیە ستایشی قاسم سولەیمانی ستایشی کوشتاری ئازادیخوازییە. ئەوانەی ستایشی جەلاد دەکەن، رۆڵەی بەوەفای کوشتنی نەیارانی جەلادیشن.

چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان لە راستای خەباتیاندا بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، چاوی ئومێدیان بڕیوەتە بزوتنەوەی روولەپێشی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری لە ئێران، لەبەرامبەریشدا بۆرژوازی و دسەڵات لە کوردستان و ئێراندا، چاوی ئومێدیان لە یەکترییە دەست بخەنە ناو دەستی یەک و بزوتنەوەی کرێکاریی وجەماوەری بە هاوکاری یەکتری پاشەکشە پێ بکەن و بەر بەشۆرشی برسییەکان بۆ نان و خوازیارانی ئازادی، بۆ کۆمەڵگەی ئازاد... بگرن.

سەرانی کۆنەپەرست و دژە ئازادی، لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایە بن، خاڵی هاوبەشیان ناشاردرێتەوە. سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ سەرانی دیکتاتۆر و وڵاتانی ناوچەکەو دنیا، هاوچارەنووسن و هاوکات پشت و پەنای یەکترین بۆ بەرگری لە مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتیان. بۆ هۆکاری ستایشی قاسم سولەیمانی جەلاد، دەبێ لە پەیامی هاوچارەنووسی و هاو رەفتاریاندا، بگەڕێین.

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٢**

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

عبدالرحمن رسول، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،ئاریا یاسین، شوانە حەسەن ئەبوبەکر،سەردار عەبدوڵا حەمە،حەکیم میرزا...

لەگەڵ دۆسیەکی تاییەت سەبارەت بە"پرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق"دا...

Forward


# دوا وتە

## سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە ستایشی جەلادێکی ناوچەییدا!

بەبۆنەی دوو ساڵ تێپەڕین بەسەر تیرۆرو کوشتنی قاسم سولەیمانی لەلایەن ئەمریکاوە، لە شاری سلێمانی مەراسیمێک سازکرا. لەو مەراسیمەدا زوربەی زۆری سەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی سەرانی یەکێتی نیشتیمانی، کەوتنە ستایشی رۆڵی قاسم سولەیمانی. وەکو فریشتەی دژە داگیرکاری، قارەمانی وەستانەوە بەڕووی تیرۆر، سەروەری ئاشتی، ئەندازیاری پاراستنی عێراق، رۆڵەی ئازای دژە داعش...تاد.

ئەو هەموو ستایش و پیاهەڵدانە بە سەرە تیرۆریستێکی ناسراوی ئێرانی و ناوچەیی، وەکو چاوپۆشیکردن لە چەندین دەهە لە رۆڵی دژە ئینسانی و ئینسانکوژی قاسم سولەیمانی و بەوێنەی سەرە تاوانبارێکی تیرۆریستی ناوچەیی، تەنها لەو ئینسانە بچوکانە چاوەڕوان دەکرێت، کە خولیای نۆکەرپیشەیی بۆتە تایبەتمەندییەکی جێکەوتویان.

قاسم سولەیمانی بە گەواهی ملیۆنەها ئینسان، ڕەمزی سەرکوتی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئێران و کوردستان، رەمزی هێرش بۆسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، رەمزی دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە لە عیراق و کوردستانەوە بۆ سوریا و لوبنان، و یەمەن و غەزە، لیبیا... ڕەمزی پێگەیاندنی دەیان گەورە مۆرەی تیرۆریست. ڕەمزی هێرش بۆسەر نەیارانی سیاسی و نەخشە دارێژەر بۆسەدان و هەزاران کردەوە تیرۆریستی. ڕەمزی کوشتاری ئینسان. رەمزی بەرگری لە ناشیرینترین و درەندەترین رژیمی ئیسلامی لەمێژووی هاوچەرخی دنیادا. ڕەمزی بەرگری لە خێڵی مەلای دەسەڵات بەدەست لە ئێران و ناوچەکەدا و ڕەمزی ئیسترادکردنی گروپی تیرۆریستی و هاوکاریکردنی گروپە ئینسان کوژەکانی ئیسلام لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا، بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بووە.



ئەم سەرە تاوانبارەی ئیسلام و دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئێران، نەک جێگای ستایشی هیچ ئینسانێکی ویژدان زیندووی ئازاد، نییە، بەڵکو وەبیرهێنەرەوەی کێوێک لەتاوان و ئەو روباری خوێنەیە کە قاسم سولەیمانی لە ناوچەکەدا رۆڵی بەرجەستەی لە دروستکردن و خولڨاندنیدا، بووە.

بۆ لاپەڕە 11

# رایتس ۆوچ لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، ئاماژە بەگۆشەیەك لەسەرکوتگەری دەسەڵاتی سیاسی عێراق و کوردستان دەکات...

ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆوچ، کە ڕێکخراوەیەکی جیهانییە، لە راپۆرتی ساڵانەی خۆیدا، لەناو هیرشێکی سیستماتیکی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و کوردستاندا بۆسەر ئازادی و ئازادییەکان و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، تەنها ئاماژە بە گۆشەیەکی کەم لەسەرکوتگەری دەسەڵاتی بەغدا و هەرێم دەکات. راپۆرتەکە جارێکی تر تیشک دەخاتە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و کوردستاندا، بەدیاریکراویش ئاماژە بە مامەڵەی دەسەڵاتی سیاسی بەغدا لەبەرامبەر بە خۆپیشاندەران و نارازیان و لە کوردستانیش بەرامبەر بە کاری رۆژنامەگەری و سزادانی دەستگیرکراوەکانی بادینان، دەکات. ئەم مامەڵەیەی دەسەلات لە عێراق و کوردستاندا بە هەوڵی دەسەڵات لەقەڵەم دەدات لە راستای بێدەنگکردن و کپکردنەوەی دەنگی نارەزایەتی و رۆژنامە نووسان.



لەبەشیکی تری راپۆرتەکەدا حکومەتی عێراق تۆمەتبار دەکات، بە خۆدزینەوە لە بەدواداچوون لێپرسینەوە لەو کەس و لایەنانەی کە بە توندوتیژی روبەڕووی خۆپیشاندەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و رۆژنامەنووسان و نەیارانی دەسەڵات، بوونەوە. راپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر چەندین کردەوەی سەرکوتگەرانە، لەوانە... رفاندن، بێسەروشوێن کردن، رەشبگیری، تیرۆر و نەبوونی یاسا...تاد.

هەروەها بەشێکی دیکەی راپۆرتەکە هیومان رایتس ۆوچ باس لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە کوشتنی خۆپیشاندەرانی عێراقی کردوەو نیگەرانە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان و دواخستنی کە تا کۆتایی ساڵی رابردو ئاشکرانەکراون و لەوانەشی دەستگیرکراون تەنها یەک پۆلیس بووە، کە دادگایی کراوە.

هەروەک لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەیدا ئاماژە بە هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق کراوە کە رێژەی دەنگدان تێیدا لەسەدا 36 بوەو وتویەتی، بەشیک لە سەرکردە گەنجەکان بەهۆی ترسەوە نەیانتوانیوە خۆیان کاندید بکەن لەو هەڵبژاردنەدا. دیارە هیومان رایچ ۆچ درۆیەکی گەورەی کردووە کە دەڵی ٣٦% لەسەدا بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، ئینسانە واقعیەکان، گەواهی دەری ئەوەن کە رێژەی بەشداری کردن لە ٢٠% تینەپەڕیووە...

هیومان رایتس ۆوچ لە بەشێکی دیکەی راپۆرتە جیهانییەکەی خۆی بۆ دۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی بەوەکردووە کە "لە ساڵی 2021، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کەیسی لەدژی ڕۆژنامەنوسان جوڵاندوە بەهۆی نوسینەکانیانەوەو لە مانگی شوباتیشدا، دادگای تاوانەکانی هەولێر سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەر سێ ڕۆژنامەنوس و دوو چالاکواندا سەپاندووە، لەوبارەیەوە رەخنە دەگرێت کە پیشیلکاری یاسایی هەبووە دۆسیەکە بە سیاسی کراوە و لە ئاستی باڵادا دەستیوەردان کراوە. وە ڕیگە نەدراوە بە پارێزەری دەستگیرکراوەکان بەرگری ئازادانە لە گیراوەکان بکەن.

هیومان راتیش ۆوچ وەکو سەرجەم ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان، تا هاتووە پاشەکشەی لە پابەندبوونەکانی خۆی بە بەڵینەکانی کردووە، ئەوەی لە عیراق و کوردستان و زۆر شوێنی تری دنیا لەبەرامبەر بە ئازادی و ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، زۆر زۆر لەوە زیاتر و فراوانترو ترسناکترە، کە ئەو ڕێکخراوە دەیخاتە روو، کە ئەوەش خۆی پیشێلکارییەکی ئاشکرای ئەو ڕێکخراوەیە و هەر بەوهۆیەشەوە دەمێکە ئەو ڕێکخراوەش کەوتۆتە ژێر پرسیار لەلایەن بلۆکی ئازادیخوازی کۆمەڵگەو لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ.

# پۆزش

ئەم ژمارەیە گۆشەی ئەدەب و هونەرمان نەبوو، بەو هۆیەوە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی گۆشەکە دەکەین ...